
شێخ حەسەنی
گڵەزەردە
هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

## کتێب : شێخ حەسەنی گڵەزەردە

## لێکۆڵینەوە : هەژیر ئیسماعیل لالە ئەحمەد

## ناوەند : ئەکادیمیای زانستی کوردی

## ساڵی بڵاوکردنەوە : ٢٠٢٢

HAZHIR ISMAEL

ئەکادیمیای زانستی کوردی
Kurdish Science Academy

# پێشەکی

لە مێژووی کورد دا چەندین زانای گەورە و بلیمەت و کەم وێنە هەڵکەوتووە ، بەڵام بەداخەوە گرنگی پێویســـــت نەدراوە بە ژیـاننـامە و داهێنـان و تواناکانیان ، یەکێک لەو زانا گەورانەی کوردیش کە لە بواری گەردووناسـی دا بلیمەت و داهێنەر بووە مامۆسـتای گەورەم حەزرەتی شـێخ حەسـەنی گڵەزەردەی بەرزنجیە ، پێم خۆشـــبوو یەکێک لە بەرهەمەکانی تەمەن و ژیانم بریتی بێت لە ژیاننامەی ئەم زاتە کە ســـەرەڕای ئەوەی لە گوند و دێهاتێکی بچوکدا بووە بەڵام توانیویەتی زۆر بە وردی کار لەســـەر مانگ و خۆر و ئەستێرەکان و وەرزەکان و ڕۆژەکان بکات ، ئەگەر هاوسەردەمی ئەو بومایە شـــەرەفمەند دەبووم کە خوێندکاری ببم ، بەڵام کە هاوســەردەمی نەبووم درێژە پێدەری ڕێبازە زانستیەکەی دەبم ....

**"هەژیر"**

# سوپاسنامە

- سوپاس بۆ خودا کە گەلی کوردی شەرەفمەند کردووە بە کەسایەتیەکی وەک شێخ حەسەنی گڵەزەردە
- سوپاسێکی تایبەت بۆ بەڕێز مامۆستا شێخ کەمال گڵەزەردە کە هاوکارم بوو لە دابینکردنی سەرچاوەکان
- سوپاس بۆ پەیجی (گوندی گڵەزەردە) لە ڕێگەیان پێداین بە بەکارهێنانی وێنەکانیان
- سوپاس بۆ مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف کە بە هەوڵ و ماندووبوونەکانی دەربارەی گڵەزەردە توانی یارمەتیدەرێکی زۆرباش بێت بۆمان تاکو ئەم کتێبە ئامادە بکەین
- سوپاس بۆ هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر ژیاننامەی شێخ حەسەن کردووە و نەیانهێشتووە ئەو ڕوانگە گەردوونیە بفەوتێت و بەها و نرخی خۆی لەدەست بدات

# پێشکەشکردن

- ڕوحیانەتی مامۆستا و پێشەوای گەورەم حەزرەتی شێخ حەسەنی گڵەزەردەی بەرزنجی حوسەینی
- بنەماڵەکەم
- مێژوونووسی ماندوونەناس و خەمخۆر جەنابی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف
- ساداتی بەرزنجەی قەدرگران و بەڕێز
- هەموو گەردووںناس و زانستخوازێک لەسەر ڕووی زەوی

# ژیاننامە

شێخ حەسەنی گڵەزەردە کوری شێخ محەمەدی نۆدێ (گۆگردی سوور) کوری شێخ عەلی وەندەرێنە [1] کوری شێخ بابا ڕەسوڵی حوسەینی بەرزنجی سەعدانیە [2] کوری عبدالسیدی دووەم کوری سەید عبدالرسولی کوری سەید قەلەندەر کوری عبدالسید کوری سەید عیسای ئەحدەب کوری سەید حسێن کوری سەید بابە عەلی هەمەدانی کوری سەید شهاب الدین یوسف کوری سەید محەمەد مەنصور کوری سەید عبدالعزیز کوری سەید عبدالله کوری سەید ئیسماعیلی موحەدیث کوری سەید موسای کاظم کوری سەید جەعفەری صادق کوری سەید محەمەد باقر کوری سەید عەلی زەینەلعابدین کوری سەید حسێن کوری ئیمامی عەلی و کچەزای حەزرەتی موحەمەد ﷺ [3]

---

[1] سیروان سەرگەڵوویی : ژیاننامەی پیاوچاکان (ساداتی بەرزنجە - بەشی یەکەم) ، چاپخانەی کارۆ - کەرکوک ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٨٧

[2] بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی : مێژووی ناودارانی کورد ، ئەکادیمیای کوردی - هەولێر ، ٢٠١١ ، چ ١ ، ب ١ ، ل ٢٤٦

[3] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٦٢

لە ســـــاڵی (١٠٨٦ ک - ١٦٧٥ز) [4] یـــــاخود (١٠٨٨ک - ١٦٧٧ز) [5] لە گونـــــدی نــۆدێ [6] هــاتۆتە دونیــاوە لە ڕۆژی دووشــەممە کــاتی چێشــتەنگاو [7]، لە ســاڵی (١١٨٥ ک - ١٧٧١ ز) لە تەمەنــی (٩٩) ســـاڵیدا) [8] یــاخود لە ســاڵی (١١٧٥ ک - ١٧٦١ز) [9] لە دێــی (گــڵەزەرد) [10] [11] لە ســنووری قەرەداغــدا کــۆچی دوایــی کردووە [12]

---

[4] مەلا طاهر مەلا عبداللە بەحرکەیی : مێژووی زانایانی کورد ، نوسینگەی تەفسیر - هەولێر ، ٢٠١٦ ، چ ٢ ، ب ١ ، ل ٣٠٤

[5] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٢٣

[6] گوندێکە لە شارباژێڕی تەخت ، سەر بە قەزای چوارتا ، نزیک پایتەختی بابانەکان (قەڵاچۆلان) ، کە ئەوکات و ساڵانە سەرچاوەی زانست و زانیاری و ڕۆشنبیری بوو [بڕوانە : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٦٢ ]

[7] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٦٢

[8] موحەمەد عەلی قەرەداغی : بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ، دەزگای ئاراس - سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، چ ١ ، ب ٧ ، ل ١١٣

[9] محەمەد ئەمین زەکی بەگ : تاریخ السلیمانیة ، دار نور حوران - سوریة ، ٢٠١٦ ، چ ١ ، ل ١٩٢

[10] بە ناو قەدی کێوی بەرانانەوەیە ، ١٣٤٥ م لە ڕووی دەریاوە بەرزە ، ١٥ کم لە باشـــوری شـــاری ســـلێمانییەوە دوورە ، بە گوێرەی ســـەرژمێری ســـاڵی ١٩٥٧ ژمارەی دانیشـــتوانی ١٦٦ کەس بوون ، بە یەکێک لە دێیە گرنگەکانی ناوچەی قەرەداغ دەژمێردرێ [بڕوانە : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٥٧]

[11] هەندێ بۆچوون لەسەر ناوی گلەزەردە هەیە:

١(شوێنێکی ڕەقەڵان و زبران و خاکی بێ کشتوکاڵە لە سەرەتا و لە کۆندا پێیان وتووە (سەعدان)

٢(جۆرە گوڵێکی زەرد لەو دەڤەرە زۆر بووە و ڕوواوە ، ســوودیان بۆ ســک ئێشــە لێی وەرگرتووە و پێی وتراوە (گوڵە زەرد) ، تەنانەت ئێستاش ئەو گوڵە زەردە لەو ناوچەیەدا بەرچاو دەکەوێت

٣ (هەندێکیش دەڵێن : بەیانیان و ئێواران زەردەی هەتاو بە خاکەکەیەوە بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و خاکەکەی زەرد ئەنوێنێ (گڵەکەی زەرد ئەبێت)

٤ (لە فەرهەنگی مورد هاتووە کە وشــەی ســەعدان : واتە دڕک و داڵ و چقڵی تیژ ، ڕەنگە دەوروبەری ئەو دێیە چقڵە زەردەشــی بووە و وشەی چقڵە زەردە بووە بە (گڵەزەردە)

[بڕوانە : ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٥٩]

[12] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١ ، ل ٢٤٩

سەرەتای زانست و زانیاری شێخ حەسەنی گڵەزەردە دەگەڕێتەوە بۆ خودی بنەماڵەی شێخ کە بنەماڵەیەکی دین دۆست و زانست پەروەرد بوون ، شێخ حەسەن پەروەردە بووە لەسەر ئەو زانستانەی کە بە تایبەتی لەو سەردەمەدا پێویست بووە بێجگە لە زانستە ئیسلامیەکان ، وەک زانستەکانی کشتوکاڵ و کۆمەڵایەتی و زانستی فەلەک و زانستی پێوانەکردنی خۆر و مانگ بۆ دیاریکردنی کاتەکانی نوێژ و بۆنەکان و مانگی ڕەمەزان [13]

جەنابی شێخ حەسەن لەلای باوکی فێری قورئانی پیرۆز و خوێندن و نوسین بووە ، زیرەکی و وریایی هەر لە سەرەتاوە پێوە دیاربووە ، شارەزا کرا بە زانستەکانی (نەحو ، صەرف ، بەلاغە ، مەنتیق ، فیقهـ ، بنەماکانی ئاین ، ئەستێرە ناسی ، تەفسیری قورئانی پیرۆز و حەدیس [14]، زانایەکی هۆشیار و پیرۆز بووە ، دەرسی لە خزمەت شێخ موحەمەد وەسیم و مەلا جامی و مەلا عبدالکریمی ئەبوبەکری موسەنیف خوێندووە [15]، هەروەها زانا بووە بە (عیلمی باتین) کە بریتیە لە تەسەوف [16]

---

[13] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٤٢

[14] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٦٣

[15] مەلا طاهر مەلا عبداللە بەحرکەیی : مێژووی زانایانی کورد ، نوسینگەی تەفسیر - هەولێر ، ٢٠١٦ ، چ ٢ ، ب ١ ، ل ٣٠٤

[16] سیروان سەرگەڵوویی : ژیاننامەی پیاوچاکان (ساداتی بەرزنجە - بەشی یەکەم) ، چاپخانەی کارۆ - کەرکوک ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٨٧

شـــێخ حەســـەن لە خزمەتـــی زانـــا گەورەکـــانی وڵاتـــدا وەکـــوو (شـــێخ مـــحەمەد وەســـیمی کـــوری شـــێخ ئەحـــمەدی کـــوری شـــێخ مســـتەفای تەختەیـــی و مەلا جـــامی چـــۆری و مەلا عەبـــدولکەریمی کـــوری مەلا ئەبـــوبەکری موســـەنیف و زانایـــانی دیـــکەی ئەو چەرخە خوێنـــدوویەتی ، شـــێخ حوســـێنی ئەلمەعـــی بەرزنجـــی کە لەو ڕۆژەدا زانـــای گەورەی وڵات بـــووە و خەڵـــک لە هەمـــوو لایەکەوە بـــۆ خوێنـــدن هـــاتوون بـــۆ خزمەتـــی ، شـــێخ حەســـەنی بە زانـــای بەرز ناوبردووە [17]

شـــێخ حەســـەنی گڵەزەردەیـــی بەرزنجـــی لە بـــواری زانســـتی شـــەرعی و ســـۆفیگەرێتی و بـــواری گەردووناســـی ڕۆڵێکـــی بەرچـــاوی هەبـــووە [18]، لە قەڵاچـــوالان چەنـــد مودەریســـێکی بەناوبانـــگ هەبـــوون لەوانەش (مەلا مـــوحەمەدی غەزایـــی) کە مامۆســـتای شـــێخ حەســـەنی گـــلەزەردە بـــوو [19] ، شـــێخ حەســـەنی گـــڵەزەردە چـــووە بـــۆ بەغـــداد و لەوێ گەشـــتووە بە شـــێخ ئەحـــمەدی ئەحســـائی وە بەهرەمەنـــد بـــووە لە زانســـتی ئەو زاتە ، وە ســـەفەری کـــردووە بـــۆ حیجـــاز و شـــام و ئێـــران و گەشـــتووە بە زانایـــانی ئەو شـــوێنانە ، لە ڕووی زمـــانەوە بـــێجگە لە زمـــانی کـــوردی دایـــک هەریەکە لە زمانەکانی (فارسی و تورکی و عەرەبی) زانیوە [20]

---

17 سیروان سەرگەڵوویی : ژیاننامەی پیاوچاکان (ساداتی بەرزنجە - بەشی یەکەم) ، چاپخانەی کارۆ - کەرکوک ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ٨٨

18 د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٩٦

19 جەمال بابان : سلێمانی شارە گەشاوەکەم ، چاپخانەی ئاراس - هەولێر ، ٢٠١٢ ، چ ٢ ، ب ١ ، ل ١٣٩

20 د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٤٢

بنەماڵەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە بەم شێوەیەی خوارەوەیە [21] :

باوکی شێخ حەسەنی گڵەزەردە  شێخ محەمەدی نۆدێیە

دایکی شێخ حەسەنی گڵەزەردەش دایە خاسێ یە ، ناویشی عاصیمە کچی سلێمان بەگ کوری بەکر بەگ سورخ بابان

هاوسەرەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە :

١) فاتیمە - خەڵکی گوندی هەڵدەرە لە ناوچەی قەرەداغ ، دەشوترێت ناوی ئامینەی کچی مەلا عەبدوڵڵای قەرەداغی بووە

٢) خاسێ

کورەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە [22] :

١) محەمەد محێدین (شێخ محێدینی کەرکوک)

[21] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، د.محسن جلال ڕشید : کورتەیەک لە ژیانی کوردێکی خواناس و زانا و فەلەک ناس ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٤١

[22] شێخ ستار عەبدوڵا بەرزنجی : الشیخ حسن الكلزردي البرزنجي عالم و مبدع ، پ. د.سید بكر بەرزنجی ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر ، ٢٠٠٧ ، چ ١ ، ٥٣ - ٥٥

ئەمیش سێ منداڵی هەبووە [23] :

١ - شێخ عەبدولعەزیزی تیمازئابادی ، کە باپیری بەرزنجیەکانی ناحیەی قەرە حەسەنە و بەشێکیان لە هەولێر و کەرکوک و سلێمانی نیشتەجێن ، لە نەوەکانی شێخ عەبدولعەزیزیش:

شێخ مەحمودی قوتبی شۆرجەیی (ناسراو بە زیائەدین) کە کوری شێخ عەبدولڕەحمانی کوری شێخ عەبدولعەزیزی کوری شێخ موحێدینی کوری شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، شەش منداڵی لە پاش خۆی بەجێ هێشت ئەوانیش (عەبدولڕەحمان ، موحەمەد ئەمین ، موحەمەد هادی ، عەبدولکەریم ، محێدین ، محەمەد نوری) [24]

٢- شێخ حەسەنی قولە ، کە باپیری بەرزنجیەکانی هەردوو گوندی (قولە) و (مەلا حەسەن)-ن و بەشێکیان لە کەرکوکن [25]

٣ - شێخ موحەمەد

٢) عەبدولجەبار (ناسراوە بە موعەلیمەدین)

٣) مەعروف ، لە منداڵەکانیشی:

---

[23] شێخ محێدینی کەرکوکی : برء الآلام ، پ.عەبدولجەبار کەرکوکی ، چاپخانەی کارۆ - کەرکوک ، ٢٠١٢ ، چ ١ ، ب ١ ، ل ٥

[24] محمد عەلی قەرەداغی : هویة کرکوك الثقافیة ، چاپخانەی ئاراس - هەولێر ، ٢٠٠٤ ، چ ١ ، ل ١٥٩

[25] موعتەسەم سالەیی : کەرکوک لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا ، ٢٠٠٦ ، ل ٢٦

١ - شێخ حەسەنی دووهەم ، لە منداڵەکانیشی : (عەلی ، حوسەین ، موحەمەد ، مستەفا ، ئەحمەد ، عەبدولعەزیز ، محەمەد ساڵەح ، مەعروف) [26]

٢ - شێخ مەحمودی نەقیب ، لە منداڵەکانیشی : (موحەمەد ، عەلی ، حسێنی قازی ، ئەحمەد میرە سوور) [27]

٤) عەبدولصەمەد فەزڵەدین ، لە منداڵەکانیشی [28] :

١ - موحەمەد

٢- ئەحمەد

٣- عەبدولقادر

٥) عیسا

٦) محمد عارف شارباژێری

٧) عەبدولکەریم (باپیری شێخەکانی کۆیە)

٨) عەبدولڕەحیم

[26] شێخ مەحمودی شۆرجە : اشرافیة محمود (دەستنوس) ، ل ١٠٨

[27] شێخ محەمەدی خاڵ : بیتوشی ، چ ١ ، ل ٣٠

[28] شێخ مەحمودی شۆرجە : اشرافیة محمود (دەستنوس) ، ل ١٠٩

براکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە :

١) شێخ ئیسماعیلولیانی

٢) شێخ ئەحمەد غەزایی

٣) شێخ عەلی دۆڵپەموو

٤) شێخ حەمە ساڵەح سورە

ماموستاکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە [29] :

١) شێخ محەمەدی نۆدێ (باوکی)

٢) شێخ محەمەد وەسیم

٣) شێخ مەلا جامی چۆری

٤) شێخ عەبدوڵلای سوێرەڵە

٥) شێخ ئەحمەدی ئەحسائی

٦) شێخ ئیسماعیلی ولیانی (برا گەورەکەی)

[29] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : علماؤنا في خدمة العلم و الدين ، دار إحياء التراث العربي - لبنان ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٦٥

خوێندکارەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە [30] :

١) شێخ مستەفای کوری شێخ ئەحمەدی غەزایی (کوری براکەی)

٢) شێخ جەعفەری مەجزوب

٣) زانای عەلامە جەلالەدینی مودەریسی خورماڵ

٤) شێخ محێدینی کەرکوک (کورەکەی)

٥) شێخ عەبدولجەبار (کورەکەی)

٦) حاجی عەبدوڕەحیمی دەرگەزینەیی

٧) مەلا مەحمودی غەزایی

٨) مەلا ئەحمەدی مودەریسی خوێندنگای قەڵاچوالان

٩) شێخ عەبدوڵڵای هەراتی

١٠) شێخ موئمینی سازانی

١١) شێخ مستەفای شامی

١٢) مەلا یەعقوبی ئەفغانی

١٣) شێخ مەعروفی نۆدێ

١٤) شێخ ئەحمەدی غەزایی

[30] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : علماؤنا في خدمة العلم و الدين ، دار إحياء التراث العربي - لبنان ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٦٦

بەرهەمەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە [31] :

١) کتێبی کیمیا ، لە کتێبخانەی گشتی بەغداد

٢) کتێبی پزیشکی ، لە سلێمانی

٣) کتێبی زانستی گەردووناسی ، بە زمانی فارسی

٤) کتێبی حوکمی فەرائیز و وەسایای قازی زەکەریا

٥) کتێبی زانستەکانی شەریعەت و تەصەوف و ئەوفاق

٦) نامەی (ئیسماعیل نامە) بە زمانی فارسی

٧) کتێبی أسرار القلوب في شرح أحوال الفهم

٨) کتێبی أسماء الله الحسنى و خواصها ، بە زمانی تورکی

٩ )نامەیەک لەسەر إثبات الواجب ، لە ناوەندی دەستنوسەکانی بەغداد بە ژمارەی (١٤٢١٨)

١٠) کتێبی فرائض المنهج

١١) كشف الحجاب عن المحجوب

١٢) إزالة الوهم و الإلتباس

١٣) الرسالة في التجويد ، لە کتێخانەی ئەوقافی گشتی لە سلێمانی ، بە ژمارەی (٣٤٨٨)

---

[31] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٨٨ - ٨٩

نازناوەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە [32] :

١) شێخ حەسەنی حافیز ، لەبەر ئەوەی هەموو قورئانی لەبەربوو

٢) شێخ حەسەنی گلەزەردە ، چونک یەکەم کەس بووە لە گوندی گڵەزەردە نیشتەجێ ببێت

٣) شێخ حەسەنی سەعدانی ، وەک ئاماژەیەک بە شوێنێکی دڕکاوی و بێ بەرهەم

زنجیرەی تەریقەتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە:

جەنابی شیخ حەسەن لە باوکی خواناسیەوە تەریقەتی (نوربەخشی و عەلەوی) وەرگرتووە ، کە بەشیکە لە تەریقەتی (خەڵوەتی) کە ئەگەڕێتەوە بۆ شێخ (شەمسەدینی بادینی گەورە) کە خەلیفەی (شێخ ئەحمەد بچوک) بووە ، جەنابی شێخ حەسەن لە (شێخەولا - شێخ عەبدوڵڵا) ش تەریقەتی وەرگرتووە و سلوکی کردووە و ئیجازەی دراوە بۆ ئیرشاد [33]

پاشان تەریقەتی لە خەلیفەکەی باوکی ، شێخ عەبدوڵلا سوێرەڵەیی وەرگرتووە و مۆڵەتی ئیرشادی پێداوە ، پاشان لەلای شێخ ئەحمەد ئەحسائی لە بەغداد تەریقەتی وەرگرتووە ، پاشان تەریقەتی قادری

---

[32] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، د.عبدالقادر الشيخ عبدالرحمن الشورجة الكلزردي البرزنجي : السيد الشيخ حسن الكلزردي البرزنجي نبذة عن حياته و آثاره ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٩٨

[33] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٦٥

وەرگرتـــووە لە بـــرا گەورەکەی (شـــێخ ئیســـماعیلی ولیـــانی) و خەرقەی لەبەر کـــراوە و مـــۆڵەتی ئیرشـــدای پـــێ درا ، بەمەش بـــووە بە مورشـــیدێکی کامـــڵ و خەڵکێکی زۆر شوێنی کەوتوون [34]

زنجیرەی تەریقەتەکەشی بەم شێوەیەیە [35] [36] :

١- شێخ حەسەنی گڵەزەردە

٢ - شێخ ئیسماعیلی ولیانی (برا گەورەکەی)

٣- شێخ ئەحمەدی ئەحسائی (لە بەغداد)

٤- شێخ حوسێنی بەسڕائی

٥- شێخ موحەمەد سادیق

٦- شێخ موحەمەد قاسیم

٧- شێخ عەبدولفەتاحی سەیاح

٨- شێخ موحەمەد غەریبوڵڵا

٩- شێخ داودی ثانی

١٠- شێخ عەبدولعەزیزی گەیلانی

---

**[34] مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : علماؤنا في خدمة العلم و الدين ، دار إحياء التراث العربي - لبنان ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٦٥**

**[35] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، د.عبدالقادر الشيخ عبدالرحمن الشورجة الكلزردي البرزنجي : السيد الشيخ حسن الكلزردي البرزنجي نبذة عن حياته و آثاره ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٤٠٨-٤٠٩**

**[36] هەژێر ئیسماعیل : حەزرەتی غەوس شێخ عەبدولقادری گەیلانی ، ئەکادیمیای زانستی کوردی - سلێمانی ، ٢٠٢٢ ، ل ٩٢-٩٣**

١١- شێخ عەبدولڕەزاقی گەیلانی

١٢- شێخ عەبدولقادری گەیلانی

١٣- شێخ ئەبو سەعیدی مەخزومی

١٤- شێخ عەلی هەکاری

١٥- شێخ ئەبو فەرەجی تەرتوسی

١٦- شێخ عەبدولواحیدی یەمانی

١٧- شێخ ئەبوبەکری شیبلی

١٨- شێخ جونەیدی بەغدادی

١٩ - شێخ سری سقطی

٢٠- شێخ مەعروفی کەرخی ، لێرەشەوە شێخ مەعروفی کەرخی لە دوو ڕێگاوە تەریقەتەکەی وەرگرتووە:

١) ڕێگای ئەلوبەیت:

١- ئیمام عەلی ڕضا

٢- ئیمام موسای کازم

٣- ئیمام جەعفەری سادق

٤- ئیمام موحەمەدی باقر

٥- ئیمام عەلی زەین العابدین

٦- ئیمام حوسەین

٧- ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

٨- حەزرەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

٢) ڕێگای پیاوچاکانی تابعین:

١- شێخ داودی تائی

٢- شێخ حەبیبی عەجەمی

٣- شێخ حەسەنی بەسڕی

٤- ئیمامی عەلی کوڕی ئەبو تاڵیب

٥- حەزرەتی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

فەرمایشت و ئامۆژگاریەکانی شێخ حەسەنی گلەزەردە [37] :

١) فەرمــوویەتی : بەردەوام بــبن لەســەر کــرداری چــاکە و چــاکەخوازی ، بە پتەوی پابەند ببن بە شەریعەتەوە ، زاڵبن بەتەواوەتی بەسەر نەفسدا

٢) بە موریــدانی فەرمــووە : دڵ لە خۆشەویســتی دونیــا بەتــاڵ بــکەن و هەمــوو ڕوو لە خــوا بــکەن ، لەپیــاوی دونیــا دوورکەونەوە ، ئەمــانەی باســم کــرد جاسوسی عەیبەکانی تۆن لە دونیادا

٣) فەرمــوویەتی : دوربــن لەوانەی لە نــاخ و دەروونــی خۆیــان ڕازیــن ، لەو عولەمــایەی کە عــیلمەکەی خــۆی کــردیێتە هۆکــاری دونیــا و بەزانســت و زانیــارییەکەی لــوتبەرزی بەســەر خەڵکــدا ئەکــات ، هــاوڕێیەتی ئەم جــۆرە کەسانە نە سوود بە ئاین و نە بە دونیات ئەگەیەنێت

٤) فەرمــوویەتی : هەرچــیەک بە خوداتــان بگەیەنێــت ڕوونــاکیە و هەرچــیەک لەوتان دوور بخاتەوە گومڕاییە [38]

٥) فەرمــوویەتی : حــاڵ بــریتیە لە هــاتوویەک کە دادەبەزێــتە ســەر دڵــی موریــد بەمانــای بەخشــینێکی خــودایی ، خــاوەنی حــاڵ دەســتی نیــیە لە هێنــان و بردنــی دڵخۆشــی و دڵتەنگــی و بەدەســتهێنان و لەدەســتدان ، و چەنــد موریــد بە حــاڵەوە دەســت بگرێــت و تێیــدا بمێنێــتەوە بــۆی دەبێــت بە مەقــام و پــلە ، مەقامیش پلەیەکە بۆ هەموو موریدێک بەرەو ئیستیقامەت [39]

---

[37] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٧٢-٧٣

[38] شێخ مەعروف ڕیشاڵانی : الرسالة المنجية في مناقب السادة البرزنجية ، ١٨٦٥ ، ل ٨٠

[39] شێخ حەسەنی ثانی : الرسالة المنجية في أنساب السادة البرزنجية (بحر الأنساب) ، دەستنووس ، ١٨٢٧ ، ل ٨٠

کەراماتەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە [40] [41] [42]:

١) مەلا ئەحـــمەد ئەگێـــڕێتەوە : جارێـــک لە خـــزمەت شـــێخ حەســـەندا چـــوینە پشـــت گـلەزەردە و لە ژێـر سـێبەری دارێکـدا دانیشــت و دەســتی کـرد بە قورئـان خوێنــدن ، لەوجـێگەیەدا بەردە کێلــی چەنـد گۆڕێــک دیـاربوو ، لەگەڵ یەکێــک لە گۆڕەکـان دەســتی کـردە قسـەکردن بە جۆرێـک کە منـیش ئەمبیسـت بە زمـانی پـاراو فەرمــووی : ئەمە یەکـێکە لە شــەهیدەکان و لێــرە بەخــاک ســپێردراوە ، خەڵکی گڵەزەردە بە شەهیدانی حەوت برا ناویان دەبەن

٢) ســەید مســتەفا بـاوکی ســەید مەعروفـی نـۆدێ و بـاپیری کـاک ئەحـمەدی شـێخ دەگێـڕێتەوە ، شــەوێکیان لە حەڵقەیەکــی زیکــری دە نەفەری دەروێشـــان دانیشـــتبوین ، بەیەکێکیـــان وت کە لە زیکـــرەکە بچێـــتە دەرەوە هەتـــا لە زیکـــرەکە تەواو بـــوین ، شـــێخ حەســـەن بەو کەســـەی لە زیکـــرەکە هێنرابـــووە دەرەوەی فەرمـــوو : دەروێشـــی کێیـــت ؟ وتـــی : شـــێخ عەبـــدوڵای عەبـــدەڵانی ، شـــێخ حەســـەن فەرمـــووی : دەروێشـــیت و مـــاڵی زوڵمـــت لەســـەرە ! بیگێـــڕەوە بـــۆ خـــاوەنەکەی ، بەڵکـــو خـــوای گەورە تـــۆبەت لێقبـــوڵ بکـــات ، وتـــی : نـــاتوانم ، پاشـــان شـــێخ حەســـەن ڕووی تێکـــردین و فەرمـــووی : لە زیکرەکەتانـــدا ئـــاگر لە دەمـــی دەرئەچـــوو ، بووبـــووە هۆکـــاری ســـاردی و نـــاڕێکی هەمووتـــان بـــۆیە هێنـــامە دەرەوە

40 ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٧٥-٨٥

41 شێخ مەحمودی شۆرجە : اشرافیة محمود (دەستنوس) ، ل ٧١-٧٣

42 شێخ مەعروف ڕیشاڵانی : الرسالة المنجیة في مناقب السادة البرزنجیة ، ١٨٦٥ ، ل ٨٠-٨٢

٣) شـێخ مسـتەفا لە شـێخ ئەحـمەدی غەزایـی بـاوکیەوە دەگێـڕێتەوە : مـن بە دوو چـاوی خـۆم دیـم شـیخ حەسـەنی بـرام چـۆلەکەیەکی مردارەوەبـووی بە ئیزنی خودا زیندوو کردەوە

٤) شـێخ حەسـەنی دووەم ئەگێـڕێتەوە و ئەفەرمـوێ : بیسـتم لە سـیراجەدینی شـیرازی ئەیفەرمـوو و سـوێندنی ئەخـوارد : جارێکیـان چـوومە سـەر مەرقەدی شـێخ حەسـەنی گـلەزەردە و شـکاتی حـاڵ و وەزعـی خـۆم کـرد ، بە دەنگێکـی ڕوون و ئاشـکرا گـوێم لێبـوو پێـی فەرمـووم : بـڕۆ لەگەڵ دوژمنەکانت ڕێک بکەوە

٥) شـێخ مـارفی نـۆدێ دەفەرموێـت : رۆژێـک چـوومە خزمەتـی حەزرەتـی شـێخ حەسـەن و فەرمـووی : کـوڕم ئومێـدم هەیە تـا زەمـانێکی درێـژ بمێنـی و دیـارە خەڵکێکـی زۆریـش سـودت لـێ ئەبیـنن ، شـێخ مـارفی نـۆدێ ٩٦ سـاڵ تەمەنـی بوو و خەڵکی زۆر سودیان لێ بینی تەنانەت حوکمدارانی بابانیش

٦) لە شـاخی ئەزمەڕ بەردێـک هەیە جـێگە پێـی جەنـابی شـێخ حەسـەنی لەسەر دەرچووە

٧) لە خـوار ئـاوایی گـڵەزەردەوە شـاخێک هەیە کە ئـاوی کانیەکـانی (ژنـان و شـاخی پـلان و مـزگەوت و نـاودێ) و ئـاوی بارانـاوی لێـوە ئەچێـتە خـوارەوە و سـێبەرە لە وەرزی زسـتاندا هـیچ هەتـاوی بەرنـاکەوێ ، لە یەکەم ڕۆژی چـلەی زسـتانەوە وردە وردە ئەو ئـاوە ئەڕواتە خـوارەوە و ئەیبەسـتێت ، کە ئەڵـێن (چـلەی زسـتان) وا تەواو بـوو ، ئەکەوێـتە خـوارەوە و شـڵپەیەکی زۆر گەورەی لێـوە دێـت ، خەڵکـی گونـدەکانی نـاوچە هەمـوو گوێیـان لەو دەنـگە ئەبێـت و ئەڵـێن : (شـاخە سـەهۆڵەکە کەوتە خـوار و چـلەی زسـتان کۆتـایی هـات) ، وەک ئەزمـونێ جەنـابی شـیخ حەسـەن پەی پێبـردووە و خەڵکـی دەڤەرەکەی

لێئاگــادار کــردوون ، بەڵام لە دوای ســاڵەکانی حەفتاکــانەوە کەش و ئــاو و هەوا گــۆڕاوە و خەڵکــی لەو دیــمەنە سروشــتیە سەرنجڕاکێشــە بێــبەش بــوون تــا زستانی ٢٠٠٨ دووبارە جارێکی تر سەهۆڵ ئەو شاخەی گرت

٨) شــێخ حەســەنی گــڵەزەردە دەفەرموێــت : لەگەڵ ســەلاحەدینی زوجــاجی لەکـاتی خەڵوەتکێشـاندا بـۆ مـاوەی چـل ڕۆژ هیچمـان نەخـوارد ، تەنهـا ئـاو نایێـت لە چــل ڕۆژی دواتــردا تەنهــا نانمــان دەخــوارد و ئاومــان نەدەخــوارد ، لە چــل ڕۆژی دواتــردا نە نانمــان دەخــوارد و نەش ئــاو ، هەمــوو نوێژەکــانی ئەو ڕۆژەمــان بەیەک دەستنوێژ دەکرد و دەستنوێژمان نوێ نەدەکردەوە

شێخ حەسەنی گلەزەردە و نادر شای عەجەم [43] [44] :

کاتێـک نـادر شـای عەجەم بەخـۆی و سـوپاکەیەوە ئەگـاتە نـاوچەی سـورداش ، ئەگەڕێ بەدوای پیـاو مـاقوڵ و زانایانـدا بـۆ ئەوەی ڕایـان بکێشـی بەلای خۆیـدا بـۆ مەرامـی خـۆی بەکاریـان بهێنـێ ، کاتێـک کە ناونیشـانی (شـێخ حەسـەن)-ی دەدەنـێ نـامەیەکی بـۆ دەنێرێـت تیایـدا داوا دەکـات کە دەبێـت پەیوەنـدیمان پێـوە بکەیـت و هاوکارمـان بیـت و ببێـتە سـەر ڕێبـازی (شـیعەگەری) ، دەقـی نامەکەش بەم شێوەیە دەبێت:

{لە نـادر شـاوە بـۆ زانـای گەورە و بەڕێـز و پـایەبەرز شـێخ حەسـەنی خـاوەنی کـردەوەی جـوان ، سـڵاوێک بـۆ خزمەتتـان کە بە بـۆن و بەرامەی خۆشەویسـتی ڕێژرابـێ ، پاشـان یەکەمـین مەبەسـت و گەورەتـرین داخوازیمـان بـازاڕگەرمکردنی ڕێـڕەوی بـاپیری ئێـوەیە کە (جەعـفەری صـادقە) پێشـەوای بە جەرگ و سـەرچاوەی زانسـت و ڕاسـتیەکان ، دۆسـتایەتیم بـۆ بـاپیرانی بەڕێـزی ئێـوە ئاشـکرایە و هاتنتـان بۆلامـان زۆر پێویسـتە ، هەر بە گەیشـتنی پەیـامی مـن بـۆ ئێـوە بـکەونە ڕێ بۆلامـان تـا لێتـان بەهرەمەنـد ببـین و بە دیـدارتان شـاد ببـین ، ئەگینـا ئـاگری ڕق و قیـنم ئەبـارێ بەسـەرتاندا ، والسلام}

---

[43] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٩٤-٩٨

[44] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، د.ئاراس محمد صالح : شێخ حەسەنی گڵەزەردە زانایەکی گەورە و نیشتیمان پەروەرێکی بە هەڵوێست ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٢٨-٣١

شـــێخ حەســـــەنیش پـــاش گەیشـــــتنی نـــامەکە زۆر بە جـــوانی و بەوپەڕێ ئازایەتی و چاوقایمیەوە وەڵامی نامەکەی دەداتەوە و دەنوسێت:

{بەنـاوی خــودای بەخشـــندە و میهرەبــان ، ســوپاس بــۆ پەروەردگــاری جیهــان ، پاشــەڕۆژی بــاش بــۆ پیاوچاکــانە ، دوژمنــایەتیش بــۆ گیــانی ســتەمکارانە ، درورد و ســـەلامی خــوا لەســــەر پێغەمبەرمــان مــوحەمەد و ئــال و یــارانی ، پاشـــان پەیامەکەتـــانم پێگەیشـــــت ، خــــۆزگە ئەمزانـــــی ئـــاخۆ دۆســـــتایەتی و خۆشەویســتی بــاوو بــاپیرانی مــن بــۆ تــۆ بوغزانــدنی یــارانی تــێکەڵاوە یــان نــا ، ئەگەر وایە ئەوا ڕۆژی قیـــامەت فریـــات ناکەوێـــت ، بەڵکـــو مـــایەی ئـــازار و ئەشـــکەنجەی نەبــڕاوەیە ، کــاتێکیش ئەڵێیــت نیازمــان بــازاڕ گەرم کــردن و بــرەو پێـــدانی ڕێـــڕەوی جەعـــفەری صـــادقە ، هەرچەنـــدە ئەو لە گەورە تـــابعین و موجتەهیـــدە کامڵەکـــانە ، لەبەر ســـەر تیـــاچوونی یـــارانی ڕێـــڕەوی ئەو نەنوســـراوەتەوە ، ئەگەر بمانزانیـــایە نوســـراوەتەوە شــوێنی ئەکەوتــین ، چــونکە ئــێمە خۆمــان بە نەوەی ئەو ئەزانــین ، منــیش پەکــم کەوتــووە و توانــام نەمــاوە بــێم بــۆ لاتــان ، بەڵام چەنــد ئامۆژگــاری و ڕاســپاردەیەکت ئەکەم ، ئەگەر بەگــوێم بکەیــت ، ڕزگــارت دەبــێ ، یەکەم : مەچــۆ بە گــژ ســـوڵتانە عوســـمانیەکاندا چـــونکە ئەهلـــی کەشـــف و خواناســـان لێیـــان ڕوونە کە تـــا نزیـــک قیـــامەت ئەمێننــەوە و ســیفاتی جــوانی ئەوان لە کەســی تــردا بەدی نــاکرێ ، دووەمیــان : نیـــازت وایە مووســـڵ وێـــران بکەیـــت و لەگەڵ خەڵکەکەیـــدا بجەنگـــی ، ئەوە داوای لێخۆشـــبوون و لێبـــوردن بـــکە پـــێش ئەوەی تیـــاچوون یەخەت بگـــرێ ،

چـونکە لە خـزم و کەسـوکاری خـۆت نیـازی کوشـتنی تۆیـان هەیە ، سـڵاوی خـوا لەو کەسانەی دوای هیدایەت دەکەون} [45] [46] [47]

[45] مامۆستا عەبدولکەریمی مودەریس دەفەرموێت : لە نامەکەی شێخ حەسـەندا ئەم بڕگەیەشی تیایە (و أما اشارتكم نزول غضبكم علي فلا تخوفنا {ألا إن أولياء الله لا خوف عليهم ولا هم يحزنون }[واتا : کاتێک ئاماژەش بەوە دەدەن کە وا ڕق و قین دەبارێنن بەسەرماندا ، ئەوە نامان ترسێنێت چونکە پیاوچاکان ناترسن]) بڕوانە : مەلا عەبدولکەریمی مودەریس : علماؤنا في خدمة العلم و الدين ، دار إحياء التراث العربي ـ لبنان ، ٢٠١٤ ، چ ١ ، ل ١٦٢

[46] نادر شاهـــ هێرشی کردە سەر شاری موسڵ ، خەڵکی موسڵ بەهەموو توانایانەوە ، بەهەموو چین و توێژێکەوە ، بەهەموو جیاوازی ڕەگەز و ئاینەوە بەرگریان کرد .... سوپای نادر شا بە سەرشۆڕی گەڕایەوە ، پاش ماوەیەک لە خۆ ئامادەکردندا بوو بۆ هێرشی سەر کوردەکان لە ناوچەی خۆراسان ، شەوێکیان دووان لە خزمە نزیکەکانی لە خێمەکەیدا لە فەتحئاباد کوشتیان ، واتا دوای گەڕانەوەی نادر شا بە چوار ساڵ کەراماتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە هاتە دی و نادر شا لەلایەن کەسە نزیکەکانی خۆیەوە کوژرا

[47] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، د.عبدالفتاح بەهێ : نامەکەی نادر شا بۆ شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ ـ سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ١٦٥-١٧٢

شێخ حەسەنی گڵەزەردە و سەلیم پاشای بابان:

لە ڕۆژگارێکدا کە سەلیم پاشای میری بابان دەچێتە پاڵ دەوڵەتی ئێرانی ، لەو کاتەدا لەبەرامبەر ئەو هەڵوێستە ، شێخ حەسەنی گڵەزەردە وەک زانایەکی ئاینی و وەک ئەرکێکی شەرعی خۆی نامەیەکی ئامۆژگاری بە زمانی فارسی بۆ سەلیم پاشا دەنوسێت و ئامۆژگاری دەکات کە ستەم لەو خەڵکە هەژارە نەکات و لە پێناوی دنیادا پەنا بۆ کاری خراپ نەبات و دەستی دوژمنان نەگرێت لە پێناوی پۆست و دەسەڵاتدا ، ئەم نامەیەی شێخ حەسەن هەر وەک نامەکەی بۆ نادر شا ئازایەتیەکی زۆری پێوە دیارە و بێمنەتە لە دەسەڵاتداران و دونیا ، بەڵکو وەک زانایەکی ڕاستەقینە ئەرکی فەرمان کردن بە چاکە و ڕیگری کردن لە خراپەی مەبەستە و لە پێناو سەربەرزی نیشتیمان و خەڵکی بێدەسەڵاتی میللەتەکەی خۆیدا بووە و تەنها بەرگری لەوان کردووە ، نەک وەک کەسێکی دەربار خۆی لە دەسەڵاتداران نزیک بکاتەوە ، ئەمەیش بە پێوەری ئەمڕۆ لوتکەی نیشتیمانپەروەری و کوردایەتیە [48]

[48] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، د.ئاراس محمد صالح : شێخ حەسەنی گڵەزەردە زانایەکی گەورە و نیشتیمان پەروەرێکی بە هەڵوێست ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٧-٣٩

# ناوچەی گڵەزەرد و ڕوانگەی گەردووناسی

دێــی گــڵەزەردە بەنــاو قەدی کێــوی بەرانــانەوەیە ، ١٣٤٥ م لە ڕووی دەریــاوە بەرزە ، ١٥ کــم لە باشــوری شــاری ســلێمانیەوە دوورە ، ٩کــم ی هەوایــی لە مزگەوتــی گەورەوە دوورە ، بەگــوێرەی ســەرژمێری ســاڵی ١٩٥٧ ژمــارەی دانیشــتوانی ١٦٦ کەس بــوون ، زۆر لە پــێش شــاری ســلێمانیەوە ئەو نــاوچەیە و ئەو گونــدە ئــاوەدانی تیــابووە ، بە یەکێــک لە دێــیە گرنگەکــانی نــاوچەی قەرەداغ دەژمێردرێت

ســنوری گــڵەزەردە لە ڕۆژهەڵاتــیەوە دێیەکــانی (زرگــوێز و حەمە ســمێڵ و تلەزەیــت)ە ، ڕۆژئاوایشــی دێیەکــانی (شــێخ وەصــاڵ و داراغــا) یە ، لە پشــتیەوە واتــا لە باشــورەوە (قەڵا ســوورە و گەڕەزیــل و ئیبــراهیم ئــاوا)یە ، لە بــاکوریەوە واتــا بەردەمــیەوە (ئاڵیــاوە و عەلــی ئــاوا و گــۆپیتە و کــانی ســپیکە) یە ، نــاو دێکەش کۆمەڵە شوێنێکی لێیە کە بریتین لە:

١ - گردی پشتە ماڵان

٢ - گردی پیرداود

٣ - شاخی مەخفەڕ

٤ - کەلەسپی

٥ - گردی سەرقەبران کە مەزاری شێخ حەسەنی گڵەزەردی لێیە

٦ - باسکی وەیس

٧ - بەردی ڕوانگەکە

مێـژووی دروســتبوونی گـڵەزەردە بـۆ ســەردەمی شــێخ حەســەن لە ســاڵەکانی (١٧٠٠ز) بەدواوە دەگەڕێــتەوە ، پــێش ئەوەی شــێخ حەســەن بەردی بنــاغەی دێــی گــلەزەردە داڕێژێــت ، خەڵکــی لە شــوێنی دوور لە دێــکە ، کە ئێســتا شــوێنێکی شــیاو و بە پرشــتی ســەرچاوەی کشــتوکاڵی خەڵــکەکەیە و بە (بیــرێ) نــاو ئەبــرێ نیشــتەجێی بووبــوون ، ئەم شــوێنە (بیــرێ) کــاتی خــۆی ناوەنــدێکی گەرم و گــوری هــاتوچۆی بازرگــانی بــووە و ڕێگــای ســەرەکی گواســتنەوەی کەلـوپەلی بازرگـانی بـووە لە کوێسـتانی کوردسـتانی ئەو دیـوەوە بۆ گەرمیانی ئەم دیوو وە بە پێچەوانەوە

یەکەم هەوڵێــک کە درا بــۆ دانــانی بەردی بنــاغەی دێــکە (مــزگەوت)-ەکە بــووە کە دەســتکرا بە دروســتکردنی ، شــەو ئەهلــی تەکــێکەی کە قوتــابی و موریــدی شــێخ حەســەن بــوون بەردییــان ئەکێشــا و بەڕۆژیــش شــێخی دڵپــڕ لە نــوری ئیلاهــی بەدەســتی خــۆی دەیکــردە دیــوار ، پــاش تەواوبــوونی مــزگەوتەکە بەدوایــدا خەڵکــی لە (بیــرێ)وە هەواریــان بــۆ گــڵەزەردە گواســتەوە ، خەڵکــانێکی تــری ئەو دەوروبەرەش لەبەر پیــرۆزی و خۆشەویســتی و گیــانی لەخۆبــوردەیی شــێخ حەســەنەوە لەوێ نیشــتەجێ بــوون ، ئەحــمەد بەگــی میــری زەنــگەنە ئەم گونــدەی پێبەخشــیوە و زۆر حەزی بە خزمەتکردنــی شــێخ حەســەن کــردووە ، تەنــانەت بــۆ خەرجــی تەکــیەکەی دێــی (زرگــوێز)-ی پێبەخشــیوە و جەنــابی شــێخ قبــوڵی نەکــردووە ، ئامــانجی خــوا لە خــۆ ڕازی کــردن بــووە و هیچی تر [49] [50]

[49] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ٥٧-٥٨

[50] شێخ کەمال گڵەزەردەیی : گۆڤاری خۆری ئیسلام ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل ٥٢-٥٣

له ســــەردەمی دەســــەڵاتی بەریتانیـــادا یەکەم مەخـــفەرە له ســــاڵی ١٩٢٥ کـرایەوە و یەکەم ڕەئـیس عورەفـا (مەحمـود چـاوەش و عبـدالله خومسـار و شـێخ عەلـی سـەید مـحەمەدی مفتـی هەموویـان (١١) پـۆلیس بـوون ، مەخـفەرەکە بە بەرد و قصـڵ دروســـت کـــراوە و بە ئـــاوێنە هەواڵیـــان بە شـــوێنە دوور و گرنگەکـان داوە ، ســاڵی ١٩٣٥ جـادەی ســلێمانی بـۆ قەرەداغ له گـڵەزەردەوە ڕۆیشتووە ، ساڵی ١٩٨٠ گوێزرایەوە و له زرگوێزەوە دەڕوات

یەکەم چایخـانه لەلایەن شـێخ فەتـاحی شـێخ ئەمـین له (دەشـــتێ) لەســـەر ڕێـــگەی قەرەداغ دانرابـــوو ، شـــێخ ســـاڵەحی شـــێخ محێـــدین یەکەم کـــورەی قصـڵی دامەزرانـــد و وەســـتاکانی (حــاجی عەول و حــاجی مســـتەفا و حــاجی مـحەمەد) بـوون ، له (بیـرێ) و (قەشـڵاخ) و (ژاژڵە) کورەیـان دامەزرانـدبوو ، پـرد و دیـواری خـانوو و دیـواری کـارێز و ئاوەڕۆکـانی شـاری سـلێمانی به بەرد و قصـڵ و خـــوری و پیـــو و خـــوێ ی گـــڵەزەردە دروســـتکراون ، یەکەم ســـەیارەی قەمەرەیەکـی مۆدێـل ١٩٣٧ ی شـێخ مەحمـودی حەفیـد بـوو که کـاک سـەعید ســـایەقی بـــوو ، یەکەم مامۆســـتای قوتابخـــانەی گـــڵەزەردە مامۆســـتا (عەبـدولڕەزاق سـەبری) بـوو له سـاڵی ١٩٥٤ ، پاشـان مامۆسـتایان (ڕوونـاک و ڕەفیق) ، هەروەها قوتابیانی کوڕ و کچ شانبەشانی یەکتر دەیانخوێند

یەکەم هێرشـی دوژمـن سـاڵی (١٩٦٢) بـوو که تـاڵانی دێهاتەکـانی لـێکەوتەوە ، مـانگی پێنجـی ١٩٦٥ دوای شـەڕێکی زۆر دووبـارە دێـکە تـاڵان کـرایەوە ،

سـالّی ١٩٧٤ بـۆ سـێیەم جـار تـالّان کـرا و دواجـار لە سـالّی ١٩٨٧ خاپوریـان کـرد ، یەکەم لقـــی پێشـــمەرگەی هێـــزی قەرەداغ لە ســـالّی ١٩٦٣ لە گـــڵەزەردە دروســت بــوو ، ســەرلقەکەیان شــێخ تـایەری شـێخ ڕەئـوف بـوو و ژمارەیـان (١٠٠) کەس بـوو ، یەکەم مـاڵ کە ئـامیری ڕادیۆیـان هەبـوو ، مـالّی (شـێخ عـومەری شــێخ مەحمــود) بــوو ، ئەوانــیش لە شــێخ عەبــدوڵلای پۆلیســیان کڕیبــووەوە ، یەکەم مــاڵ کە ئــامێری تەلەفزیــۆنی هەبــوو ، مــالّی (شــێخ عــومەری شــێخ مارف) بوو ، لە سالّی ١٩٨٢ کە بە پاتری کاری دەکرد

یەکەم ئـامێری تراکتـۆر سـالّی ١٩٧٧ لەلایەن شـێخ عەبـدوڵلا و شـێخ سـەعید و حـاجی ئەحـمەد بـوو کە هێنایـان و شـەریک بـوون ، یەکەم کەس کە پەینـی کیمیـاوی هێنـا و بەکـاری هێنـا سـالّی ١٩٨١ مامۆسـتا شـێخ ڕەفیقـی شـێخ عـومەر بـوو ، یەکەم دەڕاسـە بـۆ درونەوەی گەنـم سـالّی ١٩٨٢ بەکـرێ هێنـرا لەلایەن مامۆســتا شــێخ ڕەفیــق ، یەکەم موەلیــدەی کارەبــایی ســالّی ١٩٨٦ هــاتووە بــۆ گــڵەزەردە ، یەکەم بەرنــامەی تەلەفزیــۆنی کە لە گــڵەزەرد کرایێــت ســالّی ١٩٩٧ بــوو لە بەرنــامەی گەشــتنامە لە پێشکەشــکردنی مامۆســتا شێخ کەمالّی گڵەزەردە [51]

قورئـــانەکەی گـــڵەزەردە قەبـــارەی گەورەیە بە ئەنـــدازەی ٤٠ * ٢٤ ســـم و ئەســتووری ٩ ســم ، بـۆ هەمـوو لاپەڕەیەک ١٢ دێـڕی گەورە و جـوان بە خەتـی (محقیـــق) و (ثلـــث) نوســـراوەتەوە ، دواى قورئـــانەکەی (مەلا موســـای

[51] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ ـ سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ١٣٩-١٤١

تەوەکەڵــــی) بە دووەم قورئـــان دادەنرێـــت لە ڕووی هـــونەری خەتەکەیەوە ، زۆر بە جــوانی و کــارامەیی نوســـراوەتەوە ، بە مرەکەبــی (ڕەش) نوســـراوەتەوە ، بــۆ کۆتــایی ئەو ســورەتە و ســەرەتای ســورەتێکی تــر ڕەنگــی (ســور) بەکارهــاتووە ، لە ســـەرەتای ســورەتەکەوە تــا کۆتــایی ئایەتێــک بــازنەیەکی ســوور و خــاڵێکی ڕەش لە ناوی دا دانراوە

ئەمەش بــۆ جیــاکردنەوەی ئایەتەکــانە لەیەکتــر ، یــاقیق و ســپێنەی هــێلکە و زاخ لێـــدراوە ، بەڵام لەم دواســـاڵانەدا نـــوێکردنەوەیەکی بـــۆ ئەنجامـــدراوە و جوزئەبەنــد کــراوەتەوە و بەرگــی تێگیــراوە و هەنــدێک لە لاپەڕەکــانی کــاغەزی بە کەتیـــرە پێـــوەنراوە ، لە کۆتاییـــدا چەنـــد لاپەڕەیەکـــی لێبـــۆتەوە و بۆیـــان دروستکردۆتەوە ، لەناو خەڵکیدا بە قورئانە گەورەکەی گڵەزەردە بەناوبانگە

چوارچێــوە بــۆ لاپەڕەکــان نەکــراوە ، شــێخ حەســـەنی ســـەردار نەوەی شـــێخ حەســـەنی گــڵەزەردە دەفەرموێــت : {شــێخ حەســـەن لە ســـاڵی ١٧٢٢-١٧٢٣ لە حەملەیەکــدا بــۆ ناوچەکــانی ڕۆژئــاوای ئێــران کە ســـەر بە نــاوچەی هەمەدانە ، بە فەرمــانی ئەحــمەد پاشــا کــوڕی حەســـەن پاشــا والــی بەغــداد ، بــاپیرەم بەشـــداری کـــردووە و ئەم نوســـخە قورئـــانەی لەگەڵ خـــۆی هێنـــاوە} ، لە لاپەڕەیەکـــی قورئـــانەکەدا نوســـراوە : {ئەمە نوســـینەوەی (دایە خاســـێ)یە ، ئەگەر کەموکــورتیەک لە نوســـینەوەکەیدا هەبــوو ، لــێم ببــورن چــونکە دەســـتێکم

به لانكــی شــێخ حەســـەنەوە بــووە ، دەســـتەكەی تــرم بە نوســـینەوە بــووە} [52]
[53]

قورئانەكە ٧٦٢ لاپەڕەیە ، پێنج ڕا هەیە لەسەر قورئانەكە [54] :

ڕای یەكەم : پێـــی وایە بەدەســـتی دایە خاســـێ نوســـراوەتەوە ، كە ئەویـــش كچـــی میـــری بابـــانی ئەو كـــاتە بـــووە ، كە دایكـــی شـــێخ حەســـەن و هاوســـەری شێخ محەمەدی نۆدێیە

ڕای دووەم : پێی وایە كە شێخ حەسەن خۆی نوسیویەتیەوە

ڕای ســـێهەم : ئەوترێـــت كە شـــێخ مـــحەمەدی نـــۆدێ بـــاوكی شـــێخ حەســـەن نوسیویەتیەوە

ڕای چـــوارەم : پێـــی وایە كە ئەم قورئـــانە لە شـــاری هەمەدانـــی ئێـــرانیەوە هێنراوەتە ناو ئەم دێیە

ڕای پێنجەم : ئەگونجێت بە دیاری بۆ شێخ حەسەنی گلەزەردە هاتبێت

---

[52] شێخ كەمال گڵەزەردەیی : گۆڤاری خۆری ئیسلام ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل ٥٤

[53] ئاوات ئەبوبەكر ئەحمەد : شكۆنامە ، چاپخانەی كارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ١٠٣-١٠٤

[54] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانســتیی شــێخ حەســەنی گڵەزەردە ، ئاســۆ حاجی ڕەزا ئەحمەد : هەوڵێك بۆ ســاخكردنەوەی قورئانە دەستنوسەكەی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٦٢-٦٣

بــنکەی ژیــن توانیــان بە شــێوەیەکی زانســتی و لە ئاســتی هــونەری بــاڵا کــار لەســـەر قورئــانەکە بــکەن و دوای تەواوبـــوونی نــۆژەنکردنەوەی مــزگەوتەکەی گـــڵەزەردە ، کە نـــزیکەی دەفتەرێـــک دۆلاری تێچـــووە ، لە مەڕاســـیمێکی پـــڕ شـــکۆدا قورئــانەکە هێنــرایەوە بــۆ مــزگەوتەکەی گونــدی گــلەزەردە [55] ، شــێخ حەســـەنی گـــڵەزەردە شـــارەزاییەکی زۆرباشـــی هەبـــووە لە تەفســـیرکردنی قورئان و ئەمەش هەندێک نمونەیە لە تەفسیرەکانی :

١- ســەبارەت بە ئــایەتی : {وآيــة لهــم الأرض الميتــة أحييناهــا وأخرجنــا منهــا حبــا فمنـــه يـــأكلون} دەفەرموێـــت : زەوی مـــردوو لای ئـــێمە دڵە ، بە نـــوری زانـــین هــاتۆتەوە ژیــان و میــوەکەی تەوحیــدە و لەوانەیە زەویە مــردووەکە ئەو دڵە بێــت کە درەختــی تەوحیــدی تێــدا نێــژراوە و لەوانەیە ســـەرکەوتوو بێــت دوای ئەوەی ئاو دەدرێت بە ئاوی حیکمەتی ئیلاهی [56] [57]

٢- لە تەفســـیری ئــایەتی : { أولــم يــروا أنــا نســـوق المـــاء إلــى الأرض الجــرز} دەفەرموێت : ئەرز دڵە و ئاو حیکمەتی خوداییە و جزر ڕەشی دڵە [58]

٣- لە تەفســیری ئــایەتی :{وعلمنــاه مــن لــدنا علمــا} دەفەرموێــت : جیــاوازی نێــوان عیلمــی یەقــین و عیلمــی لەدونــی ئەوەیە کە عیلمــی یەقــین بــریتیە لە درک پێکــردن بە نــوری ئیلاهــی ، بەڵام عیلمــی لەدونــی بــریتیە لە درک کــردن

---

[55] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، م.ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : گەشتەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٤٩

[56] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، م.ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : گەشتەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٥٠

[57] شێخ حەسەنی ثانی : الرسالة المنجية في أنساب السادة البرزنجية (بحر الأنساب) ، دەستنووس ، ١٨٢٧

[58] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، م.ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : گەشتەکانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٣٥٢

به ماناکـــــان و تێگەیشـــــتن لە چۆنیەتیەکـــــان لەلایەن خـــــوداوە لە ڕێـــــگەی ئیلهامەوە [59]

٤- فەرمــوویەتی : دڵ بنچیــنەی موناجــاتی موریــدە و دەرئەنجــامی ئیمــان و تەوحیدە ، وەک طوری سینا کە شوێنی موناجاتی خودا بوو [60]

٥- فەرمــوویەتی: دڵــی خوانــاس ئەو دڵە نیــیە کە دەکەوێــتە لای چەپــی ســـنگەوە بەڵکــو ئەو شــوێنەیە کە ســـەرقاڵ دەبێــت بە زیکــری خــودا و زۆر بیرکــردنەوە و موجــاهەدەکردنی نەفــس ، ئەوکــاتە دڵــی ڕاســـتەقینە تەجەلا دەکات و لە مانای حاڵ تێدەگات [61]

---

[59] شێخ حەسەنی ثانی : الرسالة المنجية في أنساب السادة البرزنجية (بحر الأنساب) ، دەستنووس ، ١٨٢٧ ، ل ٧٨

[60] شێخ مەحمودی شۆرجە : اشرافية محمود (دەستنوس) ، ل ٨٠

[61] شێخ حەسەنی ثانی : الرسالة المنجية في أنساب السادة البرزنجية (بحر الأنساب) ، دەستنووس ، ١٨٢٧ ، ل ٧٩

مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف کە مێژوو نووسە کۆمەڵە دەستنوسێکی گرنگی هەیە دەربارەی گلەزەردە ئەمەش هەندێک نمونەی دەستنوسەکانیەتی:

١) لەم نوسراوە کە دەرچووە بە ئیمزای موتەسەریفی سلێمانی لە ڕێکەوتی ١٠-٣-١٩٢٦ تایبەتە بە ڕوانگەکردنی مانگ لەو بەردەی کە زانا و سۆفیگەری ناوداری کورد شێخ حەسەنی گلەزەردە لێیەوە سەیری مانگی دەکرد لە سەدەی هەژدەهەم بە مەبەستی دیاریکردنی سەرەتای مانگەکان و ڕۆژی بۆنە ئاینیەکان وەک نیوەی شەعبان و سەرەتای ڕەمەزان و زولحەجە و هەردوو جەژنەکە

کاتێک هیلال ببینرایە ، ئاگرێکی گەورە دەکرایەوە لەسەر شاخی گلەزەردە و خەڵکی ناوچەی قەرەداغ و بازیان و سورداش و شارەزور و شارباژێر لەگەڵ دانیشتوانی شاری سلێمانی ئاگرەکەیان دەبینی و بەو شێوەیە دەیانزانی کە پێویستە ڕۆژێکی تریش بەڕۆژوو بن یاخود بیکەن بە جەژن

دادگای شەرعی سلێمانی پشتی دەبەست بە بینینی هیلال لەسەر بەرد و ڕوانگەی شێخ حەسەنی گلەزەردە وەک ئەم دوو نوسراوە جەخت لەسەر وتەکەمان دەکەنەوە ، لە ساڵی ١٩٨٢ و ١٩٨٣ چومە سەر شاخەکە بە سەرکێشیانە چونکە مینی تێدا هەبوو ، بۆ دووریەک ڕۆیشتین و توانیم ئەو بەردە دیاری بکەم کە پێی دەوترێت (بەردە ئاگرەکە) کە کونێکی سروشتی

تێـــدایە کە قـــوڵ نیـــیە و مـــانگی لێـــوە ڕوانـــگە دەکرێـــت ، ئەوەی لەو بەردەوە ڕوانگەی دەکرد ، پشتی دەدایە پاڵ بەردێکی تری زەردەوە.

لە یەکێـــک لە ژمارەکـــانی گۆڤـــاری گەلاوێـــژ ، مامۆســـتا عەلادیـــن ســـەجادی نوســـیویەتی کەوا شـــێخ حەســـەنی گـــڵەزەردە لە بەردەکەدا ١٢ کـــونی کـــردووە و هەریەکەیـــان تـــایبەتە بە هیلالـــی مانگێـــک لە دوانـــزدە مـــانگەکەی ســـاڵ بەڵام مـــن هـــیچ شـــتێکی لەو شـــێوەیەم نەدۆزیەوە و لەوانەیە ئەو کونـــانەی لەســـەر ئەو بەردانە کردبێت کە دایناوە و بەمەش دەتوانین دایبنێین بە ڕوانگەیەک

ئەگەرچـــی بەردەکـــان گەورەن و کێشـــیان نـــزیکەی دوو تەن یـــاخود زیـــاتر دەبێـــت و دەکەوێـــتە لـــوتکەی شـــاخەکە لە نـــاوچەیەک کە ڕوو دەکـــاتە نـــاوچەی کـــانی بـــارێ کە دەکەوێـــــتە ڕۆژئـــــاوای گـــــڵەزەردە و لە بەردەکەوە ســـــلێمانی دەبینرێـــــت و شـــاخی گـــڵەزەردە بەشـــێکە لە زنجیـــرە شـــاخەکانی بەرانـــان کە ســـنوری بـــاکوری نـــــــاوچەی شـــــــاخاوی قەرەداغە لە باشـــــــوری ســـــــلێمانی ، بەردەکەم بە ئەســـمەنت دیـــاری کـــردووە و وێـــنەی هـــیلالەکەم گرتـــووە ئەوەش لە ٢٩ی ئـــابی ١٩٨٣ ، کاتێـــک ســـەرقاڵی نـــوێکردنەوەی ڕۆژمێـــری شـــێخ حەســـەن بـــووم کە لەســـــەر دیـــــواری بـــــاکوری نـــــاوەوەی مـــــزگەوتە نـــــوێکەی گـــــڵەزەردە بـــــوو ، پەنجەرەیەکـــی بچـــوک لە دیـــواری ڕۆژهەڵاتـــی مـــزگەوتەکە دروســـت کرابـــوو کە چلە بوو و لە (٩ی کانونی دووەم) دەستی پێدەکرد

بەڕێـوبەری ئەوقـافی سـلێمانی مـزگەوت و ڕۆژمێـرەکەی ڕوخانـدبوو لە نیسـانی سـاڵی ١٩٨٢ ، بـۆیە چـووم بـۆ گونـدەکە و پشـکنینم بـۆ ژێـر بەردە ڕووخاوەکـان کـرد و چەنـد پـارچەیەکی ڕۆژمێـرەکەم دەسـت کەوت و لەسـەر پارچەیەکیـان وشـەی چـلە نوسـرابوو بە مانـای چـل ڕۆژ ، کـارم لەسـەر ڕۆژمێـرەکە کـرد دووبـارە و دوای تەواوبـوونی مـزگەوتە نـوێکە بە هەوڵـی خـۆم بەبـێ گەڕانەوە بـۆ وێـنەیەک یـاخود شـێوەیەکی ڕۆژمێـرەکە کە پێشـتر هەبوویێـت پشـتم بەسـت بە وەسـفەکان بەپێـی زانیاریەکـانی خـۆم و ئەو پارچـانەی دۆزیـمەوە ، ڕاپـۆرتێکم نوسـی لە ٢٠ لاپەڕەدا پـێش دەسـتپێکردن بە زینـدووکردنەوەی ڕۆژمێـرەکە و نوسـخەیەکیم نـارد بـۆ دامەزراوەی گشـتی شـوێنەوارەکان بـۆ لێکـۆڵینەوە لێـی بەڵام وەڵامێکم دەست نەکەوت [62]

٢) بەردی شـێخ حەسـەنی گـڵەزەردە : بەردەکە جـۆری ئەسـڵی یە و بە هەشـت گۆشـە هـاتووەتە تاشـین ، شـوێنە ئەسـڵیەکەی ئەو مەیـدانەی نێـوان ڕێگـای کـۆن و قەبرسـتان دابـوو ، ١٦٠ سـم لەسـەر ڕووی ئەرز بـوو و نـازانم چەنـد لە ژێـر ئەرز بـووە ، پاشـتر هێناویـانەتە سـەر ڕێگـای گشـتی لە ژێـر قەبرسـتان ، بەردەکە لای خەڵـک پیـرۆزە و بۆیـاغی سـەوزیان لێـداوە ، لە ڕۆژی ٢٩-١٠-١٩٩٩ وێـنەیم گـرت لەگەڵ قیاسـەکەی ، پاشـتر زۆر بە بۆیـاغی سـەوز تۆخمان کردووە ، لە ١٢-٦-٢٠٢٠ دیسان وێنەم گرت [63]

٣) نیشـانەی نیـوەڕۆ و ئێـوارە لە نێـو مزگەوتـی گـڵەزەرد : ڕۆژی ١٩-١١-٢٠١٦ دیـدارێکم تۆمـارکرد لە نێـو مزگەوتـدا لەگەڵ بەڕێـز مەلا نەوزاد عەزیـز شـەریف

---

62 دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ٢٣-٤-١٩٨٧

{تێبینی : دەسـتنوسـەکە بە زمانی عەرەبیە و لە دوو لاپەڕە پێکهاتووە و دوای مۆڵەت وەرگرتن لە جەنابی مامۆسـتا عەبدولڕەقیب وەرگێڕانم بۆ کردووە بۆ کوردی - لێکۆڵەر}

63 دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ١٢-٦-٢٠٢٠

جـــاف لەدایکبـــووی ١٩٥٧ ، و وتـــی ســـاڵی ١٩٧٣ لە دێـــی (بناوەســـوتە)ی پێنجـــوین دەیخوێنـــد لای مامۆســـتا مەلا ئەحـــمەد کە نـــاوی بـــاوکی لەبیـــر نـــیە و خەلکـــی کوردســـتانی ژێـــر دەســـتی ئێـــران بـــوو ، و لەوێ نوســـینێکم دیـــت بە دەســـت و خەتـــی (مەلا مـــحەمەدی ڕەئـــیس)-ی گەلاڵـــی کە خـــۆی دروســـتی کردبـــوو لەبـــارەی ســـاڵ و مانگەکـــان و تێیشـــیدا باســـی کردبـــوو کە شـــێخ حەســـەنی گـــڵەزەردە لە نێـــو مزگەوتـــی گـــڵەزەردەدا نیشـــانی نـــوێژی نیـــوەڕۆ و نـــوێژی ئێـــوارە (عەســـر)ی دروســـت کـــردووە بەپێـــی تیـــرۆژی خـــۆر و شـــتی دیکەشتی دروست کردبوو [64]

٤) چـوین بـۆ سـەر شـاخ بـۆ ئەو شـوێنەی شـێخ حەسـەنی گـڵەزەردە کردویەتـی بە مەرصـــەد خـــانە بـــۆ تەماشـــاکردنی مـــانگی یەک شـــەوە لە ســـەدەی هەژدەیەمـــدا لەســـەر شـــاخی بەرانـــان ، دادگـــای شـــەرعی ســـلێمانی و هەروەهـــا موتەصـــەرفی ســـلێمانی بـــۆ تەماشـــاکردنی مانـــگ ئەم شـــوێنەیان کـــردووەتە شـــوێنێکی ڕەســـمی بـــۆ دەستنیشـــانکردنی ئەوەڵـــی ڕەمەزان و ڕۆژی جەژن [65]

٥) مەرقەدی شـــێخ حەســـەنی گـــڵەزەردە : مەرقەد لەلای خەڵـــکەوە پیـــرۆزە تـــا لە کەرکوکیشـــەوە خەڵـــک دێـــن بـــۆ زیـــارەت کردنـــی و کەســـانی نەخۆشـــیش دەهێـــنن تـــا چـــاک ببێـــت ، لە نێـــو ســـنوری مەرقەدا نـــابێ پـــێڵاو لەپێـــی ئەو خەڵکەدا بێت [66]

---

[64] دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ١٩-١١-٢٠١٦

[65] دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ٢٧-٧-٢٠١٤

[66] دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ٢٧-١٢-٢٠٠٧

٦) دروســـتكردنی ڕوانـــگەی چـــلە بـــۆ جـــاری دووەم : ڕۆژی ١٢-٦-٢٠٢٠ مـــن و دۆســـتکی کـــۆرم و مامۆســـتا عەلـــی کەریـــم چـــوینە گـــڵەزەردە و بەڕێـــز مامۆســـتا ڕەفیـــق شـــێخ عـــومەر مەحمـــود گـــڵەزەردە کـــاک ســـۆران کەمـــال جەلالـــی خۆشنوســـــی هێنـــابوو و خەتەکـــانی نیشـــانەی ڕۆژەکـــانی چـــلەی زســـتانی لەســـــەر دیکـــۆری ڕوانـــگەی چـــلەی زســـتان لە نێـــو مـــزگەوتەکەدا هەڵکەنـــی و بۆیـــاغی ڕەشـــی لێیانـــدا ، وشـــەی (اول چـــلە) و وەشـــەی (تمـــام چـــلە)-شـــمان هەڵکەنـد و بۆیـاغی سـورمان لێـدا چـونکە ڕەنگـی سـورم لەلای وشـەی (چـلە) دیبـــوو لەســـــەر پـــارچەیەکی ئەســـــڵی ڕوانـــگەکە ســـاڵی ١٩٨٢ ، لە ژێـــر خەتەکەی ڕۆژی دەیەم لە چـــلە ژمـــارە (١٠) مـــان نوســـــی و لە ژێـــی شـــەش خەتی دیکەشمان ژمارە نوسی تا خەڵک بزانن ئەمانە چین

بەڵام لەبەر ئەوەی ژمـــارە لە ژێـــر خەتەکـــان بە ئەســـــڵ نەبـــوو ، ئـــێمە ئەو ژمارانەمـــان هەڵنەکەنـــدوە و قوڵمـــان نەکـــردووە ، تەنهـــا بۆیـــاغی ڕەشـــــمان نوســـــیوە بەبـــێ هەڵکەنـــدنیان ، ســـاڵی (٢٠١٦) تەواومـــان کردبـــوو ، بەڵام بە کـاک ڕەفـیقم وتبـوو مـوراقەبەی ڕۆژی بـکە و خەتەکـانی خـۆری لـێ بـدە و جـێ بەجێـی کـرد بە هاوکـاری کـاک کەمـال شـێخ فـاتیح و سوپاسـیان دەکەم بـۆ هاوکارییـــان ، ئێســـتا ئەو کارەمـــان نـــوێ کـــرد و تەواو بـــوو ، بەڵام مـــاوە بـــرج و هەسارەکانیشـــــی دروســـــت بکەیـــــن کە شـــێخ حەســـــەن بە گەچ لەســـــەر قەراغـی ڕۆژئـاوا لە دیکـۆری چـلەکە (١٥)سـم پـانە هەمـو بـورج و هەسـارەکانی ئاسمانی لەسەر دروست کردووە بە گەچ

ئـێمە زۆر مانـدوو بـوین بە دروسـت کردنـی ڕوانـگەی چـلەی زسـتان بە گـوێرەی قیاســاتی پــارچە ئەســڵیەکانی ئەوانەی لە ڕۆژانـــی ٢١-٢٣ ئایــاری ١٩٨٢ دا دۆزیــمەوە کە گڵــی مــزگەوتەکەم پشــکنی پــاش ڕوخانــدنی مــزگەوت لەلایەن دائیــرەی ئەوقــافی ســلێمانیەوە و لەســەر داوای خەڵکــی گــڵەزەردە لە ڕۆژی ٢٤ یــان ٢٥ی نیشــانی ١٩٨٢ شوشــەی کــڵاو ڕۆژنەی ڕوانــگەکەم دی لای یەکێــک لە خەڵکــی گــڵەزەردە و بەپــێ شوشــەکەم کــڵاوژنەکە لە دیــواری ڕۆژهەڵاتـدا دایە دروسـت کـردن کـاتێ خێرخوازێـک مـزگەوتەکەی دروسـت کـرد ، ئەگەر شوشــە و پــارچە ئەســڵیەکانم نەدۆزیــایەتەوە مــومکین نەبــوو ڕوانــگەکە زیندوو بکرێتەوە

ســاڵی ١٩٨٣ کە زینــدوم کــرد ، ســوپای عێــراق مــزگەوتەکەی لەگەڵ دێــیەکەش وێرانکــرد ســاڵی ١٩٨٧ ، جــاری یەکەم بە هاوکــاری مامۆســتا کامــل ئەحــمەد مامۆســتای هــونەری تەشــکیلی دیکــۆری ڕوانــگەکەم دروســت کــرد و جــاری دووەم بە هاوکــاری مامۆســتا عەلــی کەریــم مامۆســتای هــونەری تەشــکیلی دروســتم کــرد و هەردووش خەڵکــی ســلێمانین و سوپاســیان دەکەم [67]

٧) ڕوانــگەی شــێخ حەســەن بــۆ تەماشــاکردنی مــانگی یەک شــەوە لەســەر شــاخی گــلەزەردە : لە ڕۆژئــاوای دێ گــڵەزەردە و لە پشــتی (کــانی بــارێ) وە لە کـۆنەوە ڕێگـا چـووە بـۆ سـەر شـاخی بەرانـان چـونکە لەوێ کەلێنێـک لە شـاخ هەیە و ڕوانــگەکە لەســەر ســەری شــاخە لای کەلێــنەکە کە ســلێمانی لێــوە

[67] دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ١٣-٦-٢٠٢٠

دیـــاره و تـــا شـــــاخی ئەزمەڕ و پیرەمەگـــرون و شـــــاخی بازیـــان و ســـەگرمە لە پشـــتی دێ خـــاوێ و هەنـــدێکی دیـــکە لە قەرەداغ لەگەڵ دەشـــتی شـــارەزوور دیارە

ســـــێ بەردی گەورە لەلای یەک هەیە و یەکـــیش لە پشـــتیانە و ڕویـــان لە باشـــوری ڕۆژهەڵاتە و دوریـــان (١٣م) و پانییـــان پـــێکەوە (٤م و ٥٠ ســـم)-ە ، زانـای فەلەکـی شـێخ حەسـەنی سـەید مـحەمەدی نـۆدێی بەرزنجـی لە نیـوەی یەکەمـــی ســـەدەی هەژدەهەمـــدا ئەم بەردانەی کـــردووەتە ڕوانـــگەیەک بـــۆ تەماشـــاکردن و بینینـــی مـــانگی یەک شـــەوی و کە مـــانگی دەبینـــی ئـــاگرێکی گەورەیـان لەوێ دەکـرد تـا هەمـوو ئەو شـوێنانەی لێوەیـان دیـارن ببیـنن و بـزانن بەیـانی مـانگی ڕەمەزانە و یـان جەژنە تـا سـاڵی (١٩٦٠) ئەو کـارە لەوێ دەکـرا بەڵام کەســاڵی ١٩٦١ شـۆرشـــی کوردســـتان دەســـتی پـــێ کـــرد ئیتـــر ئەو کـــارە نەما

حکـــومەتیش لە ســـلێمانی بە ڕەســـمی کـــاری پـــێ دەکـــرد وەک کتـــابی ڕەســـمی موتەصـــەرفی ســـلێمانی ســـاڵی ١٩٢٦ کە کەوتە دەســـتم ، خەڵکـــی گـــڵەزەرد پێشـــیان دەوت (بەردە ئـــاگرەکە) ، ڕۆژی ٢٩ی ئـــابی ١٩٨٣ شـــێخ بابـــا ڕەســولی شــێخ حەســەن لە خەڵکــی گــڵەزەردە و لە زوریەتــی شــێخ حەســەن بەردەکەی پیشـــانم دا و چیمەنتۆمـــان بـــرد و چیمەنتۆمـــان لێـــدا تـــا بناســـرێ ، بەرزی ئەم شـــــوێنە لە دەریـــــاوە (١٣٨٠) مەتـــــرە و دەرەجەکەی (٣٩،٢٦،٣٥ بـاکور) و (٥٤،٢٢،٤٥ ڕۆژهەڵات) بـوو ، تەمەنـی زنجیـرە چیـای شـاخی بەرانـان ١١٠ ملیۆن ساڵە ، لێرەدا باسی پێوانەی بەردەکانی دەکەم:

١- بەردی پێشـــــەوە واتە بەلای ســـــلێمانیەوە (٢م و ٨ ســــم) درێـــــژە و (١١٠ ســــم) بەرزە و ئەســــتوری لایەکەی کە دیـــارن (١٩٠ســـــم)-ە ، ڕووەکەی بەلای بەردی دووەمەوە کەمێــک قــوڵە و مــرۆڤ دەتــوانێ پشـــتی بــداتێ ، نزیکتــرین شـــــوێنی لەگەڵ بەردی دووەم (٢٢ســــم) ، بەردەکە لە ڕۆژهەڵات بـــۆ ڕۆژئـــــاوا درێژبۆتەوە وەک هەردوو بەردی دیکە

٢- بەردی دووەم و ناوەڕاســـت درێژیـــی لە ڕۆژهەڵات بــۆ ڕۆژئـــاوا (١٩٠ســـم) و ئەســــتوری ســــێ لایەکەی کە دیـــارە لەســــەر ئەرز (٢,٦٥م)-ە و بەرزیــــی لە ئەرزەوە (١١٥ســـم) ، پربـــڕەی پشـــتی بـــاریکە و لە ناوەڕاســـتدا چـــالکەیەکی مەیـــلە بەلەمـــی هەیە بە پێـــوەری (١٨*٣٣ ســـم) و قــوڵی (١١ســـم و نیـــو) ، لە تیژایـــی پشـــت بەردەکە واتـــا ســـەرەکەی پێـــنج هێـــل (کەلـــێن)ی تێـــدا هـــاتووەتە کۆڵین بۆ تەماشاکردنی مانگ

کەلێنـــی یەکەم لە ڕۆژئـــاوایە بە (٤ســـم) درێـــژە) و بە (٥ســـم) فـــراوانە ، هـــی دووەم بە (٤ســـم) درێـــژە و فراوانـــی (٥ســـم) ، کەلێنـــی ســـێیەم بە (٥ســـم) درێـــژە و فراوانیـــی دەوری (٥ســـم) ، کەلێنـــی چـــوارەم لەســـەر قەراغـــی چـــاڵەکە لە پشـــتەوە (٩ســـم) درێـــژە و (٦ســـم)یش فـــراوانە ، بـــۆ تەواوکردنـــی ئەم کەلێـــنە لەوبەری چـــاڵەکەوە کەلێنێـــک هەڵکەنـــدراوە بە درێـــژی (٥,٥ســــم) بە فراوانـــی (٥ســـم) واتە هێڵـــی تەماشـــاکردن کە بەســـەر چـــاڵەکەوە ڕاســـتەو ڕاســـت چـــووە (٤٧,٥ ســـــم) ، کەلێنــــی پێـــــنجەم و کۆتـــایی لە ڕۆژهەڵات (٨ســــم) درێـــژە و (٤سم)یش فراوانە

بەردەکە لە بەری ڕۆژئـــــــاوا و هەروەهـــــــا بەری ڕۆژهەڵات بەقەد ســــــــەرە پەنــجەیەک هــاتبێتە کــۆڵین بە شــێوەیەکی زۆر تەنــک ، هێڵەکــان (کەلێنەکــان)-ی تەماشاکردنی مانگ ڕو لە باشوری ڕۆژئاوان بەپێی هەڵکەوتنی بەردەکان

٣- بەردی ســێیەم (٢,٩٠ ســم) درێــژە و دەوری (١٥٠ســم) پـانە و (١٢٠ ســم) بەرزە ، قەراغــی باشــوری ڕۆژئــاواکەی قـوڵە و بــاران ناگرێــت ، لە ســاڵی ١٩٩٦ لە ژێـــر ئەم قەراغەم نوســـی (ئەمە ڕوانـــگەی شـــێخ حەســـەنە) و وێـــنەی مانگیشـــم لەســـەری دروســـت کــرد و نــاوی خۆشـــم نوســـی لەگەڵ مێــژووی ١٩٩٦ و تـا ئێســتا هەمـووی مـاوە چـونکە بەفـر و بـاران ناگرێـت ، لەســەر پشـتی دوو پـــارچە بەرد هەن ، لە تەنیشـــتی بـــاکوری ڕۆژئـــاوای هەرســـێ بەردەکە بەردێکـــی بەتەنیـــایی هەیە بە پێـــوەری درێـــژی (١٢٠ ســـم) و ئەســـتوری لایەکەی (١٨٠ســـــم) و بەرزیـــــی (٩٠ســـــم) ، ڕۆژی ٢٩-٨-١٩٨٣ پشـــــتی بەردەکەم چیمەنتـۆ کـرد تـا بـزر نەبێـت و ئێســتاش شـوێنەواری چیمەنتـۆکە مـاوە [68]

شــێخ حەســـەنی گــڵەزەردە ســـەعاتێکی تەخــتەی لە مــزگەوتەکەدا دروســـت کردبــوو بــۆ مەبەســـتی دیــاریکردنی کــات و ڕێکخســـتنی کاروبــار و ئێشـــگری و بەنـــدایەتی ، کە پێـــک هـــاتبوو لە تەختەیەکـــی بـــازنەیی کە نیـــوەتیرەکەی ٢٠ ســـم و لە ناوەڕاســـتدا دارێـــک ڕاســـت بـــۆتەوە بە ئەنـــدازەی تیـــرەکەی و لەگەڵ جــوڵانەوەی خــۆردا ئاڕاســـتەی ســێبەرەکە دەچێــتە ســەر ژمــارەیەکی تۆمــارکراو لەســـەری ، هەروەهـــا لە ئەشـــکەوتێکی بنـــاری گـــڵەزەردە ، شـــێخ حەســـەن

[68] دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لە ڕێکەوتی ١٩-١١-٢٠١٦

توانیبــــووی تــــاقیگەیەکی خنجــــیلانە دروســـــت بکـــات لەو دڵـــۆپە ئـــاوانەی کە دەچۆڕانەوە و لەناو ئەشکەوتەکە دەیبەست و دەبووە سورەییا [69]

شـێخ حەسـەن لە نـاو مزگەوتەکەیـدا لە گـلەزەردە کە بەدەسـتی خـۆی حسـابێکی فەلەکـی و کەشناسـی بە گەچ دروسـت کـردووە ، بە پشـت بەسـتن بە تیشـکی خـۆر لە خـۆرهەڵاتەوە دیـاری کـردووە ، هەروەک پێویسـتە لە دروسـتکردنی مزگەوتـدا هەیـوان و شـوێنی بە کـۆمەڵ نـوێژکردنەکەی بە جۆرێـک کە ڕووی لە قیـبلە بێـت ، هەر لەم ڕووەوە دەتـوانین نـاوی دیوارەکـان بنێـین کە کاتێـک لە نـاو میحرابـی مـزگەوتەکەدا وەسـتاوین و ڕوومـان لە قیـبلەیە ، دیـواری لای دەسـتی چەپمـان دیـواری ڕۆژهەڵات ئەنـوێنێ ، لای دەسـتی ڕاستیشــمان دیـواری ڕۆژئـاوایە و پشــتمان بـاکورە و بەردەممـان کە دیـواری باشورە ئەنوێنێ

دیـواری بـاکوری مـزگەوتەکەی شـێخ حەسـەن لە نـاوەوە چـوار تـاقی لەسـەر وێنەکرابـوو بە گەچ ، بە گۆشـە و هێڵـی بەیـانی ، نەخشـە و نیگـاری کێشـابوو و دەستنیشـانی کردبـوو ، ڕۆژ بە ڕۆژ هەمـوو بەیـانیەک ئەگەر بە ڕێـکەوت ڕۆژێـک هەور و هەڵا بـوایە ، خـۆر پەنهـان دەبـوو و چـاوەڕێی سـاڵێکی تـر دەبـوو بـۆ ئەنجامـدانی ئەو شـاکارە مەزنە ، شـێخ حەسـەن وەهـای دروسـتکردبوو کە دووری نێـوان تـاقی یەکەم بـۆ تـاقی چـوارەم (٤٠.٢م) بـوو ، بەرزی تـاقەکە (٤٠.١م) بـوو ، ئەمەش بـۆ ڕاگرتنـی حسـابی ڕۆژەکـانی چـلەی زسـتان کە

---

69 د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شـێخ حەسـەنی گڵەزەردە ، خەسـرەو حامید فەرەج : زانای گەورە و گەردوون ناس و خاوەن ڕوانگەی گەلی کورد شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ٢٥٧

لەلای شـێخی گـڵەزەردە (چـلەی زسـتان لە ٨ی کـانوونی دووەمەوە دەسـت پێـدەکات هەتـا ١٧ی شـوباتی هەمـوو سـاڵێک) کە بە حسـابی شـێخ حەسـەنی گـڵەزەردە ناسـراوە ، ١٤ی ئـازار وەرزی بەهـارە و ١٤ی حـوزەیران وەرزی هـاوینە و ١٤ی ئەیلـول وەرزی پـاییزە و ١٤ی کـانونی یەکەم سـەرەتای وەرزی زستانە بە گوێرەی ساڵی زاینی

بە ئەم مەبەسـتە سـودی لە هەردوو دیـواری ڕۆژهەڵات و دیـواری بـاکور وەرگرتـووە ، لە دیـواری ڕۆژهەڵات کڵاوڕۆژنەیەکـی (٣٠*٤٠سـم)ی دروسـت کردبـوو بـۆ هـاتنە ژوورەوەی تیشـکی خـۆر بە جۆرێـک لەگەڵ هـاتنە ژوورەوەیـدا لە نـاوەوە بەر دیـواری بـاکور بکەوێـت ، دیـارە لە یەکەم سـاڵی تـاقیکردنەوەکەدا بـۆ سـەر تیشـکە کەوتوەکـانی سـەر دیـواری بـاکور ڕۆژانە شـوێنەکانی بە خەتێـک دیـاری کـردووە لەسـەر دیـواری بـاکور کە هەر خەتێـک نیشـانی ڕۆژێـک لە ڕۆژەکـانی چـلەی زسـتانی نوانـدووە ، هەتـا لە نێـوان دووری دیـوارەکەدا کە درێـژییەکەی (٤٠.٢سـم) بـوو چـلەی زسـتان تەواو دەبـوو ، سـەرەتای تـاقی یەکەم نوسـرابوو (ابتـدائی چـلە) ، لەنێـوان تـاقی دووەم و سـێیەم نوسـرابوو (٢٠ی چـلە) ، لە نێـوان تـاقی چـوارەم و کۆتـایی نوسـرابوو (تمـام چـلە) واتـا کۆتایی چلە [70]

هەر لەسـەر ئەم شـوێنە ، بەڵام لە کڵاوڕۆژنەیەکـی تـرەوە چـلەی هاوینیشـی بەکارهێنـاوە ، لە خـواروی ئەم تاقـانەوە دوو ڕیـز خـانە هەیە ڕیـزی ٢٥ خـانەیە

[70] شێخ کەمال گڵەزەردەیی : گۆڤاری خۆری ئیسلام ، هەولێر ، ١٩٩٩ ، ل ٥٤-٥٦

که ده‌کـــاته ٥٠ خـــانه ، ژمـــاره‌ی ڕۆژه‌کـــانی وه‌رزه‌که‌یه له ٤٠+٥٠=٩٠ ڕۆژ و ســـێ مــانگی وه‌رزه‌که ، شـــوێنی چه‌نـــد کڵاوڕۆژنه‌یه‌کـــی تـــریش هه‌بـــوون که شێخی خواناس بۆ چه‌ند حسابێکی تر ئه‌م کڵاوڕۆژنانه‌ی به‌کارهێناوه

وه‌ک زانینـــی (کاته‌کـــانی نـــوێژ و ســـه‌ره‌تای هه‌ر چـــوار وه‌رزه‌که) له ڕێـــگه‌ی به‌کارهێنـــانی دیـــواری بـــاکور و دیـــواری ڕۆژئـــاوا له نـــاوه‌وه ، دوو ئه‌ســـتۆرلابی له ته‌ختـــی ئه‌رزه‌که‌ی نـــاو مـــزگه‌وته‌که‌دا دروســـتکردبوو که ته‌نهـــا خـــۆی و که‌ســـانی که‌شناســـی ده‌یـــانزانی به‌کـــاریبهێنن بـــۆ کـــات و ســـاتی بورجه‌کـــانی گه‌ردون ، شـــێخ حه‌ســـه‌ن مـــاوه‌ی ٣٦ ســـاڵ خه‌ریکـــی ئه‌م شـــاکاره مه‌زنه بـــوو چـــونکه ده‌ورانـــی گه‌ردوونـــی به ٢٦ ســـاڵ جارێـــک ته‌واو ده‌بێـــت و به‌و مـــاوه‌یه زانیـــویه‌تی ڕۆژگـــار و گه‌ردوون و زه‌وی و مانـــگ چییـــان به‌ســـه‌ردا دێـــت ، یه‌که‌م ڕوانـــگه‌یه له جیهانی ئیسلامیدا

شـێخ حه‌سـه‌ن چـاوه‌ڕێی تیشـکی خـۆری کـردووه هه‌مـوو به‌یـانیه‌ک له کـاتی هه‌ڵهاتنیـدا که ده‌یـدا له‌و دیـواره‌ی که به‌رامـبه‌ر په‌نجه‌ره‌ی به‌ره‌و خـۆری ژووری مـزگه‌وته‌که بـووه له گونـدی گـڵه‌زه‌رده ، وێـڕای ئه‌وه‌ی که له مێـژووی سـه‌رهه‌ڵدانی سـاڵنامه‌ی جیهانیـدا حسـابی گـڵه‌زه‌رده کـێس و به‌هـای خـۆی هه‌یه له‌ته‌ک سـاڵنامه‌ی جیهـانی ، ئه‌مه هاوتـای حسـابی (که‌لیخـان)-ه به جیاوازی پێنج ڕۆژ به گوێره‌ی هاتنی وه‌رزه‌کانی ساڵ [71]

---

[71] ئاوات ئه‌بوبه‌کر ئه‌حمه‌د : شکۆنامه ، چاپخانه‌ی کارۆخ ـ سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ١١٥-١١٦

حاجی شێخ ئەحمەدی نەقیب دەڵێت : لە پۆلی سێ و چواری سەرەتایی بووم کە ئێستا تەمەنم ٨٠ ساڵە سەردانی ئەو مزگەوتەم کردبوو لە نزیک کەشناسیەکەوە پەنجەرەیەکی گەورە هەبوو ، لە خوارووی پەنجەرەکەوە تاقێک هەبوو کە چوار کاتژمێری خۆر- ڕۆژی تێدابوو ، من ئەو کاتە نەمزانی ئەم چوار مورە دارە چین کە یەکی بە ئەندازەی ویلی تایەی قەمەرەیەک خڕ و ئەستوور بوون ، لە ناوەڕاستیدا یەکی تولێکی( بەلاڵۆک )یان شیشی ئاسن چەقی بوو لەسەر ڕووی مورەدارەکە بەشێوەی خاڵی سەعات دیاری کرابوو ، ئەم چوارە بۆ وەرزەکانی( هاوین-پایز-زستان-بەهار )بەکار دەهات ، ئەوکاتەی چومە ئەڵمانیا ، ئەوکات سەعاتی ڕۆژییم بینی و تێگەشتم شێخ چ کارێکی ئەنجامداوە [72]

ئەوەی گڵەزەردی بینیبێت یان لە دورەوە بۆی ڕوانیبێت دەبینێت کە دێکە بە چەند چیا و گرد و بەرزاییەک دەورە دراوە هەریەکەیان لە بەرزاییدا جیاوازیان هەیە ، بەتایبەتی چیای پشت سەر قەبرانەکە کە چیای مەخفەرەکە ی پێدەڵێن کە لەوێوە تا چاو بڕکات زۆر لە ناوچە دوورەکانی دەوروبەری بەدی دەکرێت کە کاتی خۆی هەواڵ بەری تیابووە لە بەری قەرەداغەوە بۆ ناوچەی شارباژێر بە ئاوێنە

---

[72] دیداری تایبەت لە ڕێکەوتی ١٢-٥-٢٠٠٦

ئەوەی کە لێــــرە مەبەســــتە بوترێـــت ئەوەیە کە بــــۆچی شــــێخ حەســــەن لە دووری چەنــد کیلۆمەترێـــک زۆر لە پشـــتی دێــکەوە ئەو بەرزاییــیەی لەســــەر درێژکــــراوەی زنجیــــرە چیــای بەرانـــان هەڵبــژاردووە بــۆ ڕوانـــین بــۆ مانــگ و ئەســتێرەکان ؟ دڵنیـابن ئەمە جـێگەی پرسـیارە لە کاتێکـدا چەنـد سـەد مەترێـک لەنـاو دێـدا بەرزتـرین چیـا شـک ئەبـرێ بـۆ ڕوانـین وەک چیـای مەخـفەرەکە ، بـۆیە شـــێخ حەســــەن لە هەڵبژاردنـــی ئەو شـــوێنەدا بەهەڵە نەچـــووە ، چـــونکە هـــۆیەک نیـــیە تەنهـــا ئەوە نەبێـــت کە لەوێـــوە توانیـــویەتی زۆرتـــر و چـــاکتر ڕوانگەرێتی خۆی بەردەوام پێ بدات

ڕوانـــگەی شـــێخ حەســـــەن لە پشـــت گونـــدەکەوەیە ، بەو شــــاخە دەڵـــێن (باســــکی وەیـــس) ، درێـــژی بەردێکـــی گەورەیە (٢٩٠ســــم) درێـــژی و بەرزی (١١٠ســـم)ی قـــۆچەکییە ، کاتێـــک ســـەیر دەکەیــت بــۆ ئاســمان و چــاو دەنێیــت بەو بەردەوە بەرەو خـــاوێی قەرەداغ زۆر بە جـــوانی مــانگی یەکشـــەوە دەبینیـــت لە دەوروبەری بـــانگی شــــێواندا ، جەنـــابی کەلێکـــی کـــردۆتە بەردەکە و زۆر بە جـــــوانی بـــۆت دەردەکەوێـــت ، لەجـــێگەی کەلەکەوە بــــۆ کۆتـــایی بەردەکە (١١٠ســــم) ، درێـــژی ئەو چـــاڵەی ســـــەری تێکـــردووە و بەلاری بـــۆی ڕوانیـــوە (٣٠ســــم) پـــانە و (٢٤ســــم) قـــوڵە ، بەڵام ئەگەر شـــوێنەکەت گواســـتەوە ئەوە مانگت لێ ون دەبێت ، بە چاوی ئاسایی مانگی یەکشەوە نابینرێت

ئەو دەزگـــا و کەرەســـتانەی کە شــێخ حەســەن لەو جــێگەیەدا بەکــاری هێنــاون بریتــــی بـــوون لە ســــێ تــــاوێرە بەردی گەورە ڕووبەری کۆبـــونەوەی ئەم ســــێ تــاوێرە بەردە نــزیکەی ١٣,٥ مەتــر دووجــایە ، یەکێکیــان لە هەموویــان گەورەتــرە و

شـــێوەی قەنەفەیەکـــی وەرگرتـــووە کـــاتی دانیشـــتن لەســـەری هەســـت بە ئاســـــودەیی و مانـــــدونەبونی ئەکەیـــت ، دوو بەردەکەی تریـــان لە بەردەمـــی گەورەکەیانـــدا دیـــارە کـــاتی خـــۆی شـــێخ حەســـەن ڕوو لە قیـــبلە دانیشـــتووە لەسەر گەورەکەیان و قاچی ستۆتە سەر دوو بچوکەکەیان

هەڵـــبەتە شتێکیشـــی بەکارهێنـــاوە بـــۆ ڕوانـــین وەک لە خەڵکـــی بەتەمەنـــی ڕیـــش ســـپی گـــڵەزەردە بیســـتراوە ، کـــاتی نزیـــک بـــوونەوەی مـــانگی ڕەمەزان و جەژنەکـــان ، شـــێخ حەســـەن پریاســـکەیەکی لە خـــواردن بـــۆ چەنـــد شـــەوێک ئەپێچـــایەوە ، بەرەو شـــوێنی مەبەســـت ئەکەوتە ڕێ و لەوێـــوە شـــەوانە یـــان دەمەو بەیـان پـێش خـۆرکەوتن خەریکـی ڕوانگەرێتـی بـووە بـۆ ئـاو خـواردنەوەیش کـانی بـارێ کە کەوتـۆتە خـوار ئەم شـەوێنەوە پێویسـتی خـۆی جێبەجـێ دەکـرد ، ئەم شوێنە بۆ خۆی گرنگیەکی جوگرافی و ستراتیژی و فیزیاوی هەیە

کاتێـــک شـــێخ حەســـەن مـــانگی بـــدیایە لە نزیـــک ئەم تـــاوێرانەوە ئـــاگرێکی ئەکـــــردەوە کە لە هەمـــــوو ناوچەکـــــانی (ســـــورداش ، شـــــارەزور ، قەرەداغ ، گەرمیـــان ، بازیـــان ، ســـلێمانی ، شـــارباژێر) دەبینـــرا ، خەڵکـــی ئەو ناوچـــانەش بەهەمـان شـێوە خەڵکـی ناوچەکـانی تریـان لە سـەرەتای ڕەمەزان و جەژنەکـان ئاگـــادار ئەکـــردەوە و ئەیانگەیانـــد ، کەرەســـتەی گەیانـــدن و زانـــین لەو ســـات و کـات و سـاڵانەدا ئـاگر بـووە ، بینینـی ڕوونـاکی خێراتـر دەگـات بە مـرۆڤ وەک لە

دەنگ ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە خەڵکی ناوچەکە و کوردستان ناوی (بەردە ئاگرین)-یان لێناوە [73]

حاجی شێخ ئەحمەدی نەقیب دەڵێت : لە یەکێک لە کتێبخانە ئەهلییەکانی ئەڵمانیا کتێبێکم داوا کرد لەسەر گەردووناسی ، لەم کتێبەدا هاتووە : {ئەم زانستە لە هیندەوە هاتووە بۆ عەرەب و لەوێوە بۆ ئەندەلوس و لەوێوە بڵاوبووەتەوە بە ئەوروپادا} ، لە کۆتایی ئەم کتێبە قەبارە زۆر گەورە و ئەستورەدا بە زمانی ئەڵمانی نوسراوە : {شێخ حەسەنی گڵەزەردە لەسەر شاخی گڵەزەردە ٣٠٠ ساڵ لەمەوبەر خەریکی ئەم زانستە بووە ، بەڵام هیچ زانیاری درێژ و تەسەلمان لەسەری نییە} ، ناوی نوسەرەکانی ئەڵمانیەک و ئەمریکیەک بوون [74]

شێخ حەسەنیش بەردێکی لە پاش بەجێماوە کە بەرزیەکەی( ١٦٠سم )و ئەستوری( ١٦٠سم )بووە ، کە زۆر سەرنج دەدرێت و دەستی لێدەدرێت شتێکی گرنگ بینەر سەرسام دەکات ، ئەویش ئەوەیە کە هەشت ڕووی هەیە ، ڕوی هەشتەم لە هەمووی پانترە و هەستی پێدەکرێت

تا ئێستا بە تەواوەتی نەزانراوە بۆچی بەکارهاتووە ، بۆچونێک هەیە کەوا هەر ڕویەکی ئاماژەیە بۆ کورێکی ، ئەولایەی کە پانترە هێمایە بۆ شێخ

[73] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ١٢٢-١٢٤

[74] دیداری تایبەت لە ڕێکەوتی ١٢-٥-٢٠٠٦

محێـدینی کـوڕی کە لە هەموویـان گەورەتـر بـووە لە هەمـوو ڕوویەکەوە ، ئەم بەردە جـاران لەولای مـزگەوتەکەوە بـووە ، بەڵام ئێسـتا لەسـەر جـادەکە نزیـک مەزاری دایە خاسـێ چەقانـدوویانە و بە ئاسـانی دەیبینیـت ، بەڵام مەخـابن کەسانێک بۆیەی سەوزیان کردووە و چاڵ و چۆڵەکانی پڕ بۆتەوە [75]

مامۆسـتای شوێنەوارناسـی کـورد بەڕێـز عەبـدولڕەقیب یوسـف دەڵێـت : گڵەزەردە سـەرەتا نـاوی بـارا بـووە و نـزیکەی ٣٠٠٠ سـاڵ لەمەوبەر ئاشـور ناصرپاڵی دووەم ئـاوەدانی بـارای داگیـر کـردووە ، لە سـەرجەم بیسـت و چـوار شاری لۆلۆیەکان

ئێسـتا ناوی(بـارێ- کـانی بارێ)زینـدووە بـۆ شـوێنەوارێکی کـۆن لە نزیـک دێـی ئێسـتا بەلای ڕۆژئـاواوەیە ، هەروەهـا شـوێنەواری (کـارێزی گـاوری)-ش هەیە لە پشـت دێـکەوە بەلای باشـوری ڕۆژئـاوایەوە ، کە شـارێکی شـورا کـراو بـووە و پانی شوراکە(١٣٠سم) بووە و بڕێک کارێزی کۆنی لێیە

بەشـی ڕۆژهەڵات شـوێنەواری تـری لێیە ، گڵەزەردە لە ڕێگـایەکی سـەرەکیدا بـووە بـۆ گەرمیـان و نـاوچەی میزۆپۆتامیـا ، خانێـک لە خـواروی قەبرسـتان

---

**[75] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ ـ سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ١٢٧ـ١٢٨**

هەبووە ، چونکە لەوێدا نیو ئەستونە بەردێکی هەشت گۆشەیی لەوێ ماوە کە نیشانەی ڕێگا بووە ، گڵەزەرد قۆناغ بووە [76]

یەکێک لە شوێنەوارە بەجێماوەکانی بەردێکی ترە لەسەر کێوی ئەزمەڕ کە قاچی ڕاستی لەسەر داناوە ، شێوەکەی پێخاوسە ، قەبارەی بەردەکە ٥٠*٣٠ سم دەبێت ، جێگە پێکەی نزیکەی ژمارە( ٤٢-٤٣ )دەبێت ، پاژنەی پێی و سنگی پێی و سێ پەنجەی بە باشی هەست پێدەکرێت

بەردێکی گەورەی تر کە بە ئەندازەی( ١٠٥*٦٤سم ) بووە ، لە ناوەڕاستیدا دۆڵێکی بچوک هەیە(٢٥سم) تیرەکەیەتی و (٣٢سم) قوڵیەکەیەتی ، بۆ کوتانی گەنم و پەرشە و ساوەر و بابەتی دانەوێڵەیی کە دایە خاسێ کاری پێکردووە ، ئێستا لە پشت جارەکەی ناو دێکەوەیە لە نزیک مزگەوتەکە دانراوە و چەند دۆڵ و بابەتی تر لە بەرد دروستکراوە ، هەندێکیان لە گڵەزەردە ماون

دوو کۆڵەکەی دارگوێز کە وەستایەکی ناوچەی هەورامان دروستی کردوون لە مزگەوتەکەدا بۆ ڕاگری نیرگەکان بەکارهاتوون ، ئێستا یەکێکیان لە مزگەوتەکەدا دانراوە ، درێژیەکەی (٢.٥٠م) و ئەستوریەکەی (٨٠سم) بووە و تەپڵەکەکەی سەرەوەی( ٦٣ بە ٣٢سم )بووە ، بەڕێز شێخ

---

[76] گۆڤاری مێرگ ، ٢٠٠٨ ، ژ ٣٥

عەبـدولڕەحمانی گـلەزەردە بـۆ مـاوەی(٢٣)سـاڵ لە شـاری سـلێمانی پاراسـتبووی ، و دوای ئەو هەمـوو مانـدوو بـون و سـاڵە زۆرە ، هەدیـیەی مـزگەوتەکەی کـردۆتەوە ، مەزارەکـانی( شـێخ حەسـەن و دایەخاسـێ و شـێخ عەبدولصـەمەد و شـێخ مەعـروف و هەنـدێ لە حەفیـد و نەوەکـانی تـر ) لە گوندی گڵەزەردە ئەسپەردە کراون [77]

[77] ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ ـ سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١ ، ل ١٢٨ـ١٢٩

# شێخ حەسەنی گڵەزەردە لە سەرچاوەکاندا

شێخ حەسەنی گڵەزەردە لە چەندین سەرچاوە ئاماژە بە ژیاننامە و کارەکانی کراوە لەوانەش:[78]

سەرچاوە کوردیەکان:

١ - بنەماڵەی پاکان (بەحرولئەنسابی ئەحمەدی):

نوسەر : حاجی مەحمود ئەحمەدی وەڵانی

ساڵی چاپ : ١٣٨٧ ک

شوێنی چاپ : تاران

چاپخانە : رستمخانە

چاپ : دووەم

٢ - زنجیرەی تۆماری تەمەنی پەیک - ژمارە پێنج

نوسەر : مامۆستا کەریم زەند

ساڵی چاپ : ٢٠٠٦

چاپ : یەکەم

٣ - سلێمانی شارە گەشاوەکەم

نوسەر : جەمال بابان

---

[78] د.عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، هێمن مەلا کەریم مودەریسی بەرزنجی : مامۆستا شێخ حەسەن گڵەزەردەیی بەرزەنجی لە سەرچاوەکاندا ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١ ، ل ١٠١-١١٣

ساڵی چاپ : ٢٠١٢

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپخانە : دەزگای ئاراس

چاپ : دووەم

٤ - ئەدەبی نامە نوسینی کوردیی

نوسەر : کەمال ڕەئوف موحەمەد

ساڵی چاپ : ٢٠٠٤

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپخانە : دەزگای ئاراس

چاپ : یەکەم

٥ - تاریخی سلێمانی وە وڵاتی

نوسەر : موحەمەد ئەمین زەکی بەگ

ساڵی چاپ : ٢٠٠٦

شوێنی چاپ : سلێمانی

چاپخانە : بنکەی ژین

چاپ : دووەم

٦ - بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد

نوسەر : موحەمەد عەلی قەرەداغی

ساڵی چاپ : ٢٠٠٧

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپخانە : دەزگای ئاراس

چاپ : یەکەم

٧ - شاری سلێمانی ململانێی گرووپە کۆمەڵایەتیەکان

نوسەر : فازیل کەریم ئەحمەد

ساڵی چاپ : ٢٠١٤

شوێنی چاپ : سلێمانی

چاپخانە : دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان

چاپ : یەکەم

٨ - ساداتی بەرزنجە

نوسەر : مەلا مستەفای سەفوەتی کوڕی حاجی مەلا ڕەسوڵی دێلێژە

ساڵی چاپ : ٢٠١٥

چاپ : یەکەم

٩ - کەسایەتییە ناودارەکانی کورد( ئینسایکلۆپیدیای وەڵامی کورد)

نوسەر : دکتۆر بەکر بەرزنجەیی

ساڵی چاپ : ٢٠١٢

چاپخانە : بنکەی ڕۆشنبیری لوبنانی

چاپ : یەکەم

١٠ - مێژووی ناودارانی کورد

نوسەر : بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی

ساڵی چاپ : ٢٠١١

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپخانە : ئەکادیمیای کوردی

چاپ : یەکەم

١١ - ڕۆڵی پرشنگداری زانا مسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستییەکان دا

نوسەر : دکتۆر کاوە فەرەج سەعدوون

ساڵی چاپ : ٢٠٠٧

چاپخانە : پرۆژەکانی تیشک

چاپ : یەکەم

١٢ - سەرچاوەی بێگەرد بۆ ناسینی مەرد

نوسەر : نووری بابا عەلی

ساڵی چاپ : ٢٠٠١

شوێنی چاپ : سلێمانی

چاپخانە : چاپخانەی بینایی

چاپ : یەکەم

١٣ - شێخ حەسەنی گڵەزەردەیی بەرزەنجی ، زانا و داهێنەر

نوسەر : شێخ ستار عەبدوڵڵا بەرزەنجی

١٤ - نەوەکانی بابە ڕەسوڵی گەورە

نوسەر : مستەفا عەسکەری

ساڵی چاپ : ٢٠١٢

شوێنی چاپ : سلێمانی

چاپخانە : چاپەمەنی ئەزمەڕ

چاپ : یەکەم

١٥ - شکۆ نامە

نوسەر : م .ئاوات ئەبووبەکر ئەحمەد

ساڵی چاپ : ٢٠٠٨

شوێنی چاپ : سلێمانی

چاپخانە : کارۆخ

چاپ : یەکەم

١٦ - مێژووی زانایانی کورد

نوسەر : مەلا تاهیر مەلا عەبدوڵڵا بەحرکەیی

ساڵی چاپ : ٢٠١٠

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپخانە : ئاراس

چاپ : یەکەم

١٧ - بنەماڵەی زانیاران

نوسەر : مەلا عەبدولکەریمی مودەریس

ساڵی چاپ : ١٩٨٤

شوێنی چاپ : بەغداد

چاپ : یەکەم

١٨ - باخچەی سەیدەکان

نوسەر : موحەمەد عەبدولکەریم شێخانی بەرزەنجی

ساڵی چاپ : ١٩٧١

شوێنی چاپ : بەغداد

چاپ : یەکەم

١٩ - تەسەوف و ڕەوتی نیشتیمانی

نوسەر : یەحیا بەرزەنجی

ساڵی چاپ : ٢٠١٥

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپ : یەکەم

سەرچاوە فارسیەکان:

١ - تاریخ مشاهر کرد عرفا ، علما ، ادبا ، شعرا

نوسەر : باب مردۆخ ڕۆحانی

ساڵی چاپ : ١٣٨٢ ک

شوێنی چاپ : تاران

چاپخانە : بڵاوکراوەی سرووش

چاپ : دووەم

٢ - لغت نامە دهخودا

نوسەر : عەلی ئەکبەر دێهخودا

شوێنی چاپ : تاران

چاپخانە : زانکۆی تاران

٣ - فرهنگ کتب و نشریات کردستان

نوسەر : شەهاب خزری

ساڵی چاپ : ١٣٨٨ ک

چاپخـانه : چاپخـانەی سـیمرغ - ناوەنـدی بڵاوکراوە زانستی یەکانی کالج

چاپ : یەکەم

٤ - تاریخ تصوف در کردستان

نوسـەر : م .موحەمەد ڕەئوف تەوەکوڵی

ساڵی چاپ : ١٣٨١ ک

چاپخانە : بڵاوکراوەی تەوەکوڵی

چاپ : دووەم

سەرچاوە عەرەبیەکان:

١ - الآثار الخطية في المكتبة القادرية في جامع الشيخ عبدالقادر الكيلاني

نوسـەر : د.عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف

ساڵی چاپ : ١٩٧٨

شوێنی چاپ : بەغداد

چاپخانە : ئیرشاد

چاپ : یەکەم

٢ - معجم اعلام الكرد في التأريخ الإسلامي و العصر الحديث في كردستان و خارجها

نوسەر : د.موحەمەد عەلی سویرەکی

ساڵی چاپ : ٢٠٠٦

شوێنی چاپ : سلێمانی

چاپخانە : بنکەی ژین

چاپ : یەکەم

٣ - مراكز ثقافية مغمورة في كردستان

نوسەر : د.عیماد عەبدولسەلام ڕەئوف

ساڵی چاپ : ٢٠٠٨

شوێنی چاپ : هەولێر

چاپخانە : دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی

چاپ : یەکەم

٤ - علماؤنا في خدمة العلم و الدين

نوسەر : مامۆستا عەبدولکەریم مودەریس

ساڵی چاپ : ١٩٨٣

شوێنی چاپ : بەغداد

چاپخانە : چاپخانەی دارولحورییە

چاپ : یەکەم

٥ - معجم المؤلفين

نوسەر : عومەر ڕەزا كەحالە

ساڵی چاپ : ١٩٩٣

شوێنی چاپ : لوبنان

چاپخانە : دامەزراوەی ڕیسالە

چاپ : یەكەم

٦ - هدية العارفين

نوسەر : ئیسماعیل پاشای بەغدادی

چاپخانە : دار إحياء التراث العربي

٧ - إيضاح المكنون

نوسەر : ئیسماعیل كوری موحەمەد ئەمین كوری میر سەلیمی بابانی بەغدادی

چاپخانە : دار إحياء التراث العربي

٨ - الشيخ معروف النودهي البرزنجي

نوسەر : شێخ محەمەدی خاڵی كوری شێخ ئەمینی خاڵ

ساڵی چاپ : ١٩٦١

چاپخانە : تەمەدوون

چاپ : یەکەم

٩- سادات البرزنجة

نوسەر : عەبدولقادر موحەمەد بەرزنجی

ساڵی چاپ : ١٩٥٦

شوێنی چاپ : کەرکوک

چاپخانە : الترقي

چاپ : یەکەم

١٠ - الرسالة المنجية في مناقب السادات البرزنجية

نوسەر : شێخ مارفی ڕیشەڵانی

ساڵی چاپ : ٢٠٠٢

شوێنی چاپ : بەغداد

دەستخەتەکان:

١ - بحر الأنساب بشمول الأجداد

نوسەر : مەلا شێخ مارفی نۆدێی بەرزەنجی

٢ - الاشرافية

نوسەر : م.شێخ مەحمودی شۆریجە

٣ - ریسالەی ئەشرافییەی کوردیی

نوسـەر : م .مەلا ئەحـمەدی کـوڕی حـاجی مەلا ڕەسولی دێلێژەیی

٤ - رسالة المنجية في مناقب سادات البرزنجية

٥ - الرسالة المنجية في سادات البرزنجية

نوسـەر : حەسـەنی کـوڕی مەعرووفـی حەسـەنی گڵەزەردەیی بەرزەنجی


# وێنەکان [79]






قورئانەکەی گڵەزەردە

[79] بۆ وێنەکان سوود لە ئەرشیفەکانی مامۆستا (عەبدولڕەقیب یوسف) و پەیجی (گوندی گڵەزەردەGundi Glazarda ) و پەیجی (مه رصه ده که ی شیخ حه سنی گله زه رده) لە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبوک و ئەرشیفی لێکۆڵەر و کتێبی شکۆنامە وەرگیراوە



اوتي النبيون من ربهم لا نفرق بين احد منهم ونحن له مسلمون
فان امنوا بمثل ما امنتم به فقد اهتدوا وان تولوا فانما هم
في شقاق فسيكفيكهم الله وهو السميع العليم
صبغة الله ومن احسن من الله صبغة ونحن له عابدون
قل اتحاجوننا في الله وهو ربنا وربكم ولنا اعمالنا ولكم
اعمالكم ونحن له مخلصون ام تقولون ان ابرهيم و
اسمعيل واسحق ويعقوب والاسباط كانوا هودا او نصارى
قل ءانتم اعلم ام الله ومن اظلم ممن كتم شهادة عنده
من الله وما الله بغافل عما تعملون تلك امة قد خلت
لها ما كسبت ولكم ما كسبتم ولا تسئلون عما
كانوا يعملون سيقول السفهاء من الناس ما ولىهم عن قبلتهم
التي كانوا عليها قل لله

یەکێک لە لاپەڕەکانی قورئانەکەی گڵەزەردە







قورئانەکەی گڵەزەردە









قورئانەکەی گڵەزەردە لە بنکەی ژین بە مەبەستی پاراستنی قورئانەکە لە لەناوچوون و بەرگتێگرتن و چاککردنی بە باشترین شێوە





دەستنوسی شێخ حەسەنی گڵەزەردە






هەندێک وێنەی خەیاڵی شێخ حەسەنی گڵەزەردە






ئارامگای دایە خاسێ ، دایکی شێخ حەسەنی گڵەزەردە






ئارامگای شێخ حەسەنی گڵەزەردە





ئارامگای شێخ حەسەنی گڵەزەردە



ناوەوەی ئارامگای شێخ حەسەنی گڵەزەردە


Abdulraqib Yusif

خوێندنی سرود و ستایشی ئاینی

لەلایەن موریدانی تەریقەتی قادری

لەلای ئارامگای شێخ حەسەنی گڵەزەردە

( ٢٩-١٠-١٩٩٩)




دیداری زانستی شێخ حەسەنی گڵەزەردە لە ڕێکەوتی( ١٣-٥-٢٠١٣)



نمایشکردنی قورئانەکەی گڵەزەردە و دەستنوسەکان لە دیدارە زانستیەکەدا






بەڕێوەچوونی دیداری زانستی شێخ حەسەنی گڵەزەردە - (١٣-٥-٢٠١٣)




کانی ژنان – پاشماوەیەکی کۆن لە گڵەزەردە



ڕەبایە – پاشماوەیەکی کۆن لە گڵەزەردە




پاشماوەی چایخانەی کۆنی شێخ فەتاح لە گوندی گڵەزەردە



گردی بێژن کە نادر شا پشووی لێداوە و نامەی بۆ شێخ حەسەنی گڵەزەردە ناردووە



شوێن پێی شێخ حەسەنی گڵەزەردە لەسەر یەکێک لە بەردەکان



وێنەیەکی کتێبی پزیشکی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، کە مرۆڤێکە هەموو دەمارەکانی دەرکەوتووە


تەماشاکردنی مانگ لە گلەزەردە

From

G. F. 11

To


No.

Dated the 192

Memorandum


Abdulraqib Yusif

نوسراوی موتەسەریفی سلێمانی بەمەبەستی ڕوانگەکردنی مانگ لەسەر شاخی گڵەزەردە لە ڕێکەوتی (١٠-٣-١٩٢٦)




کانیلکەیەک لەناو قەدی داربەڕوویەکی گۆڕستانی شێخ حەسەنی گڵەزەردە

ئەرشیفی مامۆستا عەبدولڕەقیب – ( ٢٧-١٢-٢٠٠٨)




نەخشەی گوندی گڵەزەردە

{سەرچاوە : توێژینەوەی بەکالۆریۆسی : کەلسوم شەهاب عەبدولقادر – بە سەرپەرشتی : م.عبدالجبار صالح – بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی – ٢٠٢٠}






مزگەوتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە دوای تەقاندنەوەی بە تی ئێن تی

لەلایەن ڕژێمی لەناوچووی بەعس لە ساڵی ١٩٩٦

ئەرشیفی مامۆستا عەبدولڕەقیب

لە ڕێکەوتی(٧-٧-١٩٩٨)




بونیادنانەوەی مزگەوتی گڵەزەردە لە ڕێکەوتی (٢٢-٧-٢٠٠٤)





هاتنی لیژنەی ئەندازیارانی ئەوقاف بۆ دروستکردنی منارەیەک بۆ مزگەوتی گڵەزەردە (٢٠٠٨)




دروستکردنی ڕێگای ئۆتۆمبیل بۆ گوندی گڵەزەردە





سەرەتای دروستکردنی منارەکەی مزگەوتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە





ناوەوەی منارەکە





منارەی مزگەوتەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە دوای نۆژەنکردنەوە





منارەی مزگەوتەکە




منارەی مزگەوتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە




بەردە هەشت لاکە پێش گواستنەوە





بەردە هەشت لاکە دوای گواستنەوە بۆ نزیک ئارامگای دایە خاسێ



بەردە هەشت لاکە دوای ڕەنگ کردن بە ڕەنگی سەوز






بەردی ڕوانگەکردنی مانگ لەسەر شاخەکەی گڵەزەردە






بەردی ڕوانگەکردنی مانگ



بەردی ڕوانگەکردنی مانگ






ڕوانگەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە






ڕوانگەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە



مامۆستایەکی ئاینی لە کاتی چاودێریکردنی مانگ لە ڕوانگەی گڵەزەردە




مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لەسەر شاخی گڵەزەردە

لە بەردەم پێی (مین) هەیە



بەردە ئاگرین



هەندێک بەرد لەسەر شاخی ڕوانگەکە



هەندێک بەرد لەسەر شاخی ڕوانگەکە



شوێنەواری ناوی مامۆستا عەبدولڕەقیب لەسەر بەردی ڕوانگەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، کە ئەم جۆرە شوێنەوارە هۆکار بووە بۆ پاراستن و مانەوەی ڕوانگەکە



لێکۆڵەر لە لای بەردی ڕوانگەکردنەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە



لێکۆڵەر لەگەڵ مامۆستا شێخ کەمال گڵەزەردەیی لەلای بەردی ڕوانگەکە





بەشداری کردنی لێکۆڵەر لەگەڵ مامۆستا ئەردەڵان و کاکە دیار


وەک ئەندامانی تیمی گەردووناسی سلێمانی

دیاریکردنی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان لەسەر شاخی گڵەزەردە

ڕێکەوتی( ١-٤-٢٠٢٢)





تابلۆی شێخ حەسەنی گڵەزەردە کە هەر ١٢ بورجەکەی دیاری کردووە




نەخشەی ڕۆژمێری شێخ حەسەنی گڵەزەردە




کۆڵەکەکەی مزگەوتی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، داری گوێزە و تەمەنی نزیکەی ٣٠٠ ساڵە





حسابی گڵەزەردە


Abdulraqib Yusif



Abdulraqib Yusif


پارچە ڕووخاوەکانی مزگەوتی گڵەزەردە دوای ئەوەی لەلایەن بەعسی فاشیست تەقێندرایەوە







پارچە ڕووخاوەکانی مزگەوتی گڵەزەردە کە پارچەی ڕۆژمێرەکەش دەرکەوتووە








هەندێک دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب سەبارەت بە پێوانەکانی چلەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە





هەندێک دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب سەبارەت بە پێوانەکانی چلەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە




هەندێک دەستنوسی مامۆستا عەبدولڕەقیب سەبارەت بە پێوانەکانی چلەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە






نۆژەنکردنەوەی یەکەمی ڕۆژمێرەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە







نۆژەنکردنەوەی دووهەمی ڕۆژمێرەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە







نۆژەنکردنەوەی دووهەمی ڕۆژمێرەکەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە



ئەو شوێنەی لە مزگەوتەکەوە ڕووناکی خۆری تێدا دێتە ژوورەوە





کڵاورۆژنەی ڕوانگەی شێخ حەسەنی گڵەزەردە بۆ وەرزەکانی ساڵ






دیاریکردنی چلەی چوار وەرزەکە لە ڕێگەی ڕووناکی خۆرەوە

کە زۆر بە وردی لەسەر دیوارەکانی مزگەوتەکە دروستکراوە







دیاریکردنی چلەی چوار وەرزەکە لە ڕێگەی ڕووناکی خۆرەوە

کە زۆر بە وردی لەسەر دیوارەکانی مزگەوتەکە دروستکراوە







سەرەتای بەهار و سەرەتای پاییز










سـەرەتا هەتاکو کۆتایی وەرزی هاوین




سروشتی گڵەزەردە لە زستاندا





سروشتی گڵەزەردە





سروشتی گڵەزەردە





سروشتی گڵەزەردە





سروشتی گڵەزەردە






سروشتی گڵەزەردە





مامۆستا عەبدولڕەقیب یوسف لەسەر شاخی ڕوانگەکەی گڵەزەردە

بۆ بینینی مانگی یەک شەوە لە ڕێکەوتی (٤-٧-٢٠١٦)

# سەرچاوەکان


1. ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد : شکۆنامە ، چاپخانەی کارۆخ - سلێمانی ، ٢٠٠٨ ، چ ١
2. بابە شێخ مەردۆخ ڕۆحانی : مێژووی ناودارانی کورد ، ئەکادیمیای کوردی - هەولێر ، ٢٠١١ ، چ ١
3. جەمال بابان : سلێمانی شارە گەشاوەکەم ، چاپخانەی ئاراس - هەولێر ، ٢٠١٢ ، چ ٢
4. حەسەنی ثانی : الرسالة المنجية في أنساب السادة البرزنجية(بحر الأنساب) ، دەستنووس ، ١٨٢٧
5. ستار عەبدولا بەرزنجی : الشيخ حسن الكلزردي البرزنجي عالم و مبدع ، پ .د.سيد بكر بەرزنجی ، چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر ، ٢٠٠٧ ، چ ١
6. سیروان سەرگەڵوویی : ژیاننامەی پیاوچاکان( ساداتی بەرزنجە - بەشی یەکەم) ، چاپخانەی کارۆ - کەرکووک ، ٢٠١٤ ، چ ١
7. طاهر مەلا عبداللە بەحرکەیی : مێژووی زانایانی کورد ، نوسینگەی تەفسیر - هەولێر ، ٢٠١٦ ، چ ٢
8. گۆڤاری مێرگ ، ٢٠٠٨
9. عەبدولڕەقیب یوسف ، دەستنوس
10. عەدنان هەورامانی : دیداری زانستیی شێخ حەسەنی گڵەزەردە ، قەیوان گروپ - سلێمانی ، ٢٠١٧ ، چ ١
11. عەبدولکەریمی مودەریس : بنەماڵەی زانیاران ، پەخشانگای ئاننا – تەهران ، ٢٠١٠ ، چ ١

12. عەبدولکەریمی مودەریس : علماؤنا في خدمة العلم و الدين ، دار إحياء التراث العربي - لبنان ، ٢٠١٤ ، چ ١
13. کەمال گڵەزەردەیی : گۆڤاری خۆری ئیسلام ، هەولێر ، ١٩٩٩
14. محێدینی کەرکوکی : برء الآلام ، پ.عەبدولجەبار کەرکوکی ، چاپخانەی کارۆ - کەرکوک ، ٢٠١٢ ، چ ١
15. مەحمودی شۆرجە : اشرافية محمود (دەستنوس)
16. مەعروف ڕیشاڵانی : الرسالة المنجية في مناقب السادة البرزنجية ، ١٨٦٥
17. موحەمەد ئەمین زەکی بەگ : تاريخ السليمانية ، دار نور حوران - سورية ، ٢٠١٦ ، چ ١
18. موحەمەد عەلی قەرەداغی : بوژاندنەوەی مێژووی زانایانی کورد ، دەزگای ئاراس - سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، چ ١
19. موحەمەد عەلی قەرەداغی : هوية كركوك الثقافية ، چاپخانەی ئاراس - هەولێر ، ٢٠٠٤ ، چ ١
20. موحەمەدی خاڵ : بیتوشی ، چ ١
21. موعتەسەم سالەیی : کەرکوک لە نێوان ئێستا و ڕابردوودا ، ٢٠٠٦
22. هەژیر ئیسماعیل : حەزرەتی غەوس شێخ عەبدولقادری گەیلانی ، ئەکادیمیای زانستی کوردی - سلێمانی ، ٢٠٢٢

# پێرست


پێشەکی................................................................................ 2

سوپاسنامە.............................................................................. 2

پێشکەشکردن........................................................................... 4

ژیاننامە................................................................................. 5

بنەماڵە.................................................................................. 9

مامۆستاکان............................................................................ 12

خوێندکارەکان.......................................................................... 13

بەرهەمەکان............................................................................. 14

نازناوەکان.............................................................................. 15

زنجیرەی تەریقەت..................................................................... 15

فەرمایشت و ئامۆژگاری.............................................................. 19

کەرامات................................................................................ 20

نادر شای عەجەم...................................................................... 23

سەلیم پاشای بابان.................................................................... 26

ناوچەی گڵەزەردە و ڕوانگەی گەردووناسی........................................ 27

قورئانەکەی گڵەزەردە................................................................ 30

دەستنوسەکانی م.عبدالرقیب یوسف.................................................. 35

شێخ حەسەنی گڵەزەردە لە سەرچاوەکاندا.......................................... 54

وێنەکان........................................................................ 66
سەرچاوەکان..................................................................... 131
پێرست............................................................................. 133


ئەکادیمیای زانستی کوردی
Kurdish Science Academy